ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا لەبارەی دۆخی کەرکووک لە پشت کشانەوەی دژە تیرۆری عێراقە لە کەرکووک

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5685) یەک شەممە 3ی شوبات 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار


هێزەکانی دژە تیرۆری عێراق لە کەرکووک کشانەوە و فیرقەی 61ی سەر بە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە جێگەکانیان دەستبەکاربوو، بڕیاریشە پۆلیسی فیدرالی لە سنووری خانەقین بکشێتەوە و سوپای عێراق جێگەیان بگرێتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە
لیژنەیەکی بەرگریی عێراق سەردانی هەولێر دەکات

ناسر هەرکی، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگریی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دەڵێ، هێزەکانی عێراق بەبێ پێشمەرگە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیان پێ ناپارێزرێت، سوپاسالاری عێراق گوتوویەتی، لیژنەی هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و بەرگری دروستبووە و سنووری عێراق و سووریا کۆنترۆڵ نەکراوە، داعش ئازادانە هاتووچۆی خۆی دەکات. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

نێچیرڤان بارزانی: دەبێ بە بەرنامە و ستراتیژێکی ڕوونەوە ڕووبەڕووی تیرۆر و بیری تیرۆر ببینەوە

دەبێت پارتی و یەکێتی پێکەوە کار بکەن و چارەسەر بۆ پرسە جیاجیاکان بدۆزنەوە



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندی دەستەی دانوساندنکاری ئۆپۆزسیۆنی سووریا دەکات

شاندی میوان داوایان لە سەرۆک بارزانی کرد ڕۆڵی هەبێت لە سەرخستنی هەوڵەکانی چارەسەرکردنی قەیرانی سووریا

دوێنێ شەممە 2ی 2019ی لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە شاندی دەستەی دانوساندنکاری ئۆپۆزسیۆنی سووریای کرد کە پێکهاتبوو لە د. نەسر حەریری سەرۆکی دەستە و ئەندامانی دەستەی دانوساندنکاری ئۆپۆزسیۆنی سووریا.

لە دیدارەکەدا شاندی میوان سوپاسی هەڵوێستەکانی "سەرۆک بارزانی"یان کرد لە پاڵپشتیکردن و پەرۆشی بۆ بارودۆخ و ژیان و گوزەرانی خەڵکی سووریا لە شەڕ و قەیرانە قوڵەکانی ساڵانی ڕابردوو و، وێڕای جەخت کردنەوە لە پێگە و کاریگەریی سەرۆک بارزانی لە چارەسەرکردنی کێشەکان، داوایان کرد سەرۆک بارزانی ڕۆڵی هەبێت لە سەرخستنی ئەو هەوڵانەی کە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سووریا و ئایندەی کورد لە سووریا لە ئاراداڵ.

هەر لەو دیدارەدا بیرورا لەبارەی هەڵوێستی وڵاتانی زلهێز و دوایین پێشهاتە سیاسییەکانی سووریا و هەروەها بڕیاری پاشکشەی هێزەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتە ئاڵۆگۆڕ کرا و جەختیش لە هاوکاری و هەماهەنگی هەموو لایەک کرایەوە بۆ ئەوەی گرفتەکان لە ڕێگەی سیاسی و بەشێوازی دیالۆگ و لێکتێگەییشتن چارەسەر بکرێت. هەروەها ڕۆشناییش خرایە سەر ڕۆڵی لایەنە سیاسییە کوردییەکانی سووریا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و تێپەڕاندنی قەیرانەکان.



سەرلەبەیانیی ڕۆژی هەینی 2019/2/1 لە پانزدەهەمین ساڵیادی شەهیدانی یەکی شوبات، بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک لە نوێنەرانی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان، مەراسیمێک لە شاری هەولێر ساز کرا. لەو مەراسیمەدا بەڕێز سەرۆک وەزیران وتارێکی بەو بۆنەیەوە پێشکەشکرد. بەڕێزیان لە وتارەکەیدا وێڕای بەخێرهێنانی میوانانی ئەو ڕێورەسمە، یادی شەهیدانی کارەساتی یەکی شوباتی ساڵی 2004ی بەرز نرخاند کە هاوکات هەردوو بارەگای لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەڵبەندی سێیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرانە ئامانجی دوو پەلامباری تیرۆریستی و ڕەشبیرانە کە شەهیدبوونی 101 کەس لە سەرکردە و پێشمەرگە و خەباتگێڕ و کادیران و هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان و شاری هەولێر، شاری لێبوردەیی و میواندۆستی و ئایینپەروەریی لێکەوتەوە و خوێنیان تێکەڵ بە خاکی پیرۆزی کوردستان بوو.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ڕۆژی ڕووداوەکەی گێڕایەوە کە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بوو و تیایدا هاووڵاتییان بۆ جەژنە پیرۆزە لە کاربەدەستانی حکوومی و بەرپرسانی حزبی لەو شوێنانە کۆبوونەوە، بەڵام تیرۆریستان کە چاویان بە جەژن و خۆشی خەڵکی کوردستان هەڵنایەت، ئەو کارەساتەیان خوڵقاند و جەرگی دەیان دایکیان سووتاند. ئەوەشی گوت کە ئەمڕۆ یادی تێکەڵبوونی خوێنی پێشمەرگە و سەرکردەکانی پارتی و یەکێتییە و تواناییان بە هاوخەباتی و هاوسەنگەری دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان بپارێزن. لە ڕووەوە، جەختی لەسەر پێویستیی پاراستنی یەکڕیزی و یەکگرتوویی کردەوە لە پرسی نیشتمانییەکاندا کردەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

یۆنان کونسوڵخانە گشتیی
لە هەرێمی کوردستان دەکاتەوە

لە دیدارێکی لەگەڵ نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر، ئیفسا ئیۆس کۆستۆ پۆڵۆس، کونسوڵی گشتی نوێی یۆنان لە هەولێر وادەی کردنەوەی کونسوڵخانەی یۆنانی ئاشکرا کرد. بەگوێرەی بە مالپەڕی پارتی وڵاتی یۆنان بڕیاریداوە کە ئەو نوێنەرایەتییەی لە هەولێر هەیبوو، بگۆڕێت بۆ کونسوڵخانەی گشتی و کارەکانی زیاتر پەرەپێبدات.

ڕاشیگەیاندووە: کونسوڵی گشتیی نوێی یۆنان خۆشحاڵی خۆی بەهاتنی بۆ هەرێمی کوردستان نیشاندا و ئەو پێشکەوتن و ئاوەدانی و سەقامگیرییەی هەولێری پایتەختی بە نمونەی باڵا وەسف کرد و هیوای خواست لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕێورەسمی کردنەوەی کونسوڵگەریتی وڵاتەکەی لە هەولێری پایتەخت بەڕێوە بچێت کە پێشتر وەکو نوێنەرایەتیی کار و هەڵسوڕاندن بوو، بڕیاری بۆ دەرچووە کە لەمەودوا وەک کونسوڵگەریتی بەردەوام بێت.

ئەرکی ئەو کونسوڵخانەیە ئاسانکاریی دەبێت بۆ بەردەوام پێشبرنی کەرتی گەشتیاریی و بارزگانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی یۆنان.

نزیکەی 40 کونسوڵخانە و نوسینگەی نوێنەرایەتیی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان هەن، حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش نیازی هەیە زیاتر هانی وڵاتان بدات نوێنەرایەتییان لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە.

پارتی بەردەوام دەبێت لە کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان

شاندێکی پارتی سەردانی کۆمەڵ و یەکگرتوو و شیوعی کرد



ڕۆژی پێنج شەممە 31ی کانوونی دووەم شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی و ئەندامیەتی مەحمود محەمەد، هێمن هەورامی، عەلی حوسێن، دڵشاد شەهاب، سەردانی کۆمەڵ و یەکگرتوو شیوعیان کرد. کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی شاندەکەی پارتی لە هەولێر لەگەڵ مامۆستا عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی و عەبدولستار مەجید و ڕێبوار حەمەد، ئەندامانی ئەنجوومەنی سیاسی و حەسەن بابەکر و ئیبراهیم عەزیز و بیلال سلێمان، ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵ کۆبوونەوە.

لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا پاش زیاتر لە کاتژمێرێک کۆبوونەوەی نێوان هەردوولا ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی ڕاگەیاند: سەردانەکەی شاندنی پارتی دۆستانە بووە. سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتیش گوتی: سووربن لەسەر بەرەوپێشبردنی پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسییەکان. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

ئاڵای کوردستان لەبەردەم بارەگەی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە یەکێتیی ئەوروپا هەڵکرایەوە



لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە لایەن چەند کەسێکی کوردی گێرەشێوێن، ئاڵای کوردستان لەبەردەم بالاخانەی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بڕۆکسڵ هێنرایە خوارەوە و سووکایەتی پێکرا. ئەمەش ناڕەزایەتی بەدوای خۆیدا هێنا و بەهۆی ئەوەی ئاڵا سیمبۆلی ناساندنی هەر نەتەوەیەکە لە جیهاندا. لە کاردانەوەدا ڕەوەندی کوردی، وێڕای سەرکۆنەکردنی ئەو کردارە ناشیرینە، داوایان لە نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەوروپا کرد کە لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیدان و شۆڕش و خەباتی گەلی کوردستان لە پێناوی شەکانەوەی ئەو ئاڵایەدا کە بە درێژایی میژووی بزافی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد و بەم بۆنەیەشەوە دوێنێ شەممە 2ی شوباتی 2019 ڕەوەندی کورد لە وڵاتانی بەلژیکا و هۆڵەندا و ئەڵمانیا و فەرەنسا لە ئاپۆزایەکی جەماوەری و لە مەراسیمێکی شایستەدا ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەبەردەم بارەگای نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بڕۆکسل کۆبوونەوە.

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

خەڵک چاوەڕێی پێکهێنانی حکوومەت و کاراکردنی پەرلەمان دەکات


سەرۆکی کاتیی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، خەڵک چاوەڕێی ئەوەیە بە زووییی حکوومەت پێکبهێنرێت و بژێویی ژیانیان خۆش بێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

هۆڵەندا.. کۆنفرانسی هاوبەشی خۆراک و کشتوکاڵی هۆڵەندا و هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە ناوەندی بازرگانی لە شاری لاهایی هۆڵەندا، لە ڕۆژانی 30 و 31ی کانوونی دووەمی 2019 کۆنفراسی هاوبەشی خوراک و کشتوکاڵی بە ئامادەبوونی نوێنەرایەتی لە 162 کۆمپانیای کوردی و بیانی و کەسایەتی ناسراو بەشدار بوون. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

مەسرور بارزانی پێشوازی لە شاندێکی بانکی نێودەوڵەتی دەکات

هەرێمی کوردستان بۆ باشترکردنی بژێوی هاوواڵتیان لە ڕیفۆرمە ئیداری و داراییەکان بەردەوام دەبێت



ڕۆژی پێنجشەمە 2019/1/31 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە شاندێکی بانکی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی مەرزە حەسەن بەڕێوەبەری جێبەجێکار و ڕاگری ئەنجوومەنی کۆمەڵەی بانکی نێودەوڵەتی کرد. لەو کۆبوونەوەیە دوا پەردەسەندن و پێشهاتەکان و بارودۆخی ئابووری و گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا تاوتوێکران.

مەسرور بارزانی، وێڕای تیشکخستنە سەر بەرقەراربوونی ئاسایش وەک فاکتۆرێکی بەهێزی گەشەی ئابووری و هەوڵەکانی پەرەپێدان و چاکسازی، ئاماژەی بە شوێنەوار و کاریگەرییەکانی شەڕی تیرۆریستان و قەیرانەکان بەسەر پێشکەوتنی وڵات و بژێوی هاوواڵتییانەوە کرد.

لەم سۆنگەوە هاریکاری بانکی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان لە گشت بوارەکاندا بە پێویستزانی و ڕایگەیاند، هەرێمی کوردستان لە بردنەپێشەوەی کارایی دامودەزگاکانی و ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ سەرمایەگوزار و وەبەرهێنەرانی بیانی بە مەبەستی گەشە و باشترکردنی بژێوی هاوواڵتییانی هەرێمی کوردستان لە ڕیفۆرمە ئیداری و داراییەکان و پێداچوونەوە بە ڕێکارەکانی پەیوەندیدار بەم بوارانە بەردەوام دەبێت.

لە لای خۆیەوە شاندی میوان ئامادەیی خۆیان بۆ هاریکاری و هەمەهانگی هەرێمی کوردستان لە بوارەکانی دارایی و بەڕێوەبردن و پەرەپێدان و پرۆژە ستراتیژییەکان نیشاندا.

جوان حەسەن:

ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا لەبارەی دۆخی کەرکووک لە پشت کشانەوەی دژە تیرۆری عێراقە لە کەرکووک

هێزەکانی دژە تیرۆری عێراق لە کەرکووک کشانەوە و فیرقەی 61ی سەر بە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە جێگەکانیان دەستبەکاربوو، بڕیاریشە پۆلیسی فیدراڵی لە سنووری خانەقین بکشێتەوە و سوپای عێراق جێگەیان بگرێتەوە. جوان حەسەن ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاندووە: کشانەوەی هێزەکانی دژە تیرۆر لە کەرکووک بە پاساوی تەواوبوونی ئەرکەکانیانە. بە بڕوای ئەندامەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا بۆ ئاسایکردنەوەی دۆخی کەرکووک لە پشت کشانەوەی دژە تیرۆرەوەیە. هێزەکانی سەر بە نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق دوێنێ هەینی گەیشتنە کەرکووک، بڕیارىشە سوپای عێراق لە دەورووبەری قەزای خانەقینی پارێزگای دیالە جێگەی پۆلیسی فیدراڵی بگرێتەوە، ئەوەش پەیوەندی بە خراپ بوونی دۆخی ئەمنی ناوچەکەوە هەیە. شێرکۆ عەزیز بەرپرس لە ڕێکخراوی بەدر لە خانەقین، فەرماندەی پرۆسە سەربازییەکانی دیالەی بە هۆکاری ئاڵۆزییەکانی دەورووبەری خانەقین تۆمەتبار کرد، گوتی: فەرماندەی پرۆسەکە سەربازییەکان دەیویست بە تەنها ناوچەکە بپارێزێت، بەڵام ئەوەتا پێی نەکرا. گوتیشی: ئێستا حەشد و سوپا دەیانەوێت پێکەوە ناوچەکە بپارێزن. ئاڵۆگۆڕی هێز لە سنووری کەرکوک و دیالە، لە کاتێکدایە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا ئاسایی بووەتەوە، بەڵام لە هەندێک ناوچە داعش جموجۆڵی زۆرە.



داعش مەترسیی جدیی لە ناوچە کوردستانییەکان دروستکردووە

ناسر هەرکی: بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە لیژنەیەکی بەرگریی عێراق سەردانی هەولێر دەکات



ناسر هەرکی، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگریی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دەڵێ، هێزەکانی عێراق بەبێ پێشمەرگە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیان پێ ناپارێزرێت، سوپاسالاری عێراق گوتوویەتی، لیژنەی هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و بەرگری دروستبووە و سنووری عێراق و سووریا کۆنترۆڵ نەکراوە، داعش ئازادانە هاتووچۆی خۆی دەکات.

ناسر هەرکی ڕایگەیاند: ڕەوشی ئەمنیی تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان زۆر خراپە و دوور لە یاسا و دەستوور دەسەڵاتێکی سەربازی حکومڕانییان تێدا دەکات، لەکاتێکدا نەیانتوانیوە ئەمنییەت بۆ ناوچە کوردستانییەکان دابین بکەن و هێزی داعش زۆر بەخێرایی پەرە دەستێنێت و پێویستی بە پەرپەرچدانەوەی خێرایە، کە ئەوەش لە توانای هێزەکانی عێراقدا نییە. بەرپرسانی سەربازیی هەرێمی کوردستان بەردەوام هۆشداریی سەرهەڵدانەوە و زیندووبونەوەی تیرۆریستانی داعشیان داوە بە هۆی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی لە غیابی هێزی پێشمەرگەدا لە ناوچە کوردستانییەکان دروستبووە.

ناسر هەرکی، ئەندامی لیژنەی بەرگری و ئاسایشی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاند: بە پێی ئەو زانیاریانەی وەک لیژنەی ئاسایش و بەرگری لامانە، داعش لە مەخموور و کەرکووک و خانەقین و دووزخورماتوو و حەویجە و حەمرین دەستیان بە جوواڵە کردووەتەوە و هێزەکانی عێراق ناتوانن بەرپەچیان بدەنەوە و ڕێگر بن لە کرداری تیرۆریستییەکانیان.

حکوومەتی عێراق لەسەر زاری سەرۆکوەزیرانی پێشوو، حەیدەر عەبادی، ڕایگەیاند، کۆتایی بە تیرۆریستانی داعش لە عێراق هاتووە، ئەو ئەندامەی لیژنەی بەرگری و ئاسایش دەڵێ: ڕاستە حکوومەتی عێراق کۆتاییی داعشی ڕاگەیاند، بەڵام ئێستا داعش جارێک دیکە سەری هەڵداوەتەوە. هەرکی گوتی: لە سەردانمان وەک لیژنەی ئاسایش و بەرگری بۆ لای ئەنجوومەنی وەزارەتی بەرگری، لەسەر چۆنیەتیی گەڕاندنەوەی ئەمنییەت بۆ ناوچە کوردستانییەکان و هەماهەنگییان لەگەڵ پێشمەرگە، سوپاسالاری عێراق گوتی، ئێستا لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراقدا لیژنە پێکهاتووە کە پێکەوە چارەسەری ئەو ناوچانە بدۆزینەوە، چونکە بۆشاییی ئەمنی لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراقدا هەیە. ناوبراو زیاتر گوتی: لیژنەی نێوان وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی پێشمەرگە کۆبوونەتەوە و بڕیارە لەم نزیکانە لیژنەی وەزارەتی بەرگریی عێراق سەردانی هەولێر بکات و لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە کۆ ببێتەوە، بۆ دروستکردنی لیژنەی هەماهەنگیی نێوانیان، بۆ ئەوەی تەواوی ئەو ڕێکارانە تەواو بکرێن بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان. ناسر هەرکی ئاماژەی بەوەش کرد: عێراق زۆر باش لەوە تێگەیشتووە کە تەنیا خۆی ناتوانێت ناوچە کوردستانییەکان بپارێزێت، داعش جارێکی دیکە بووەتەوە مەترسی و ئێستا سنووری عێراق و سووریاش کۆنترۆڵ نەکراوە، داعش زۆر بە ئازادانە لە ناوچەی جەزیرەی نێوان سووریا و عێراقدا هاتوچۆ دەکات.

دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەت بە زیانی هاوواڵتییان و لایەنەکان تەواو دەبێت

د. سەباح سوبحی: پێشمەرجی لایەنەکان ئاستەنگی بۆ پێکهێنانی حکوومەت دروستکردووە



پسپۆڕێکی زانستە سیاسییەکان دەڵێت، پارتی کە بڕاوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکانە زۆر هەوڵ دەدات بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ، بەڵام پێشمەرجی لایەنەکان زۆری ئاستەنگ بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ دروست دەکات، دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەت بە زیانی هاووڵاتییان و لایەنەکان تەواو دەبێت.

سەرەڕای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک بڕاوەی یەکەمی هەڵبژاردن چەندینجار سەردانی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کردووە بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ، بەڵام چەند مانگێک بەسەر هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستاندا تێپەڕیوە و تا ئێستا حکوومەتی نوێ پێکنەهێندراوە. پێوەست بە زیانەکانی دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەت، د. سەباح سوبحی پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان و مامۆستای زانکۆ، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: وڵاتان چاویان لە پێکهێنانی حکوومەتی نوێیە. دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێم لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە زیانی زۆری بە هاووڵاتییانی هەرێم گەیاندووە، تاخر بووژانەوەی ئابووری پێویستی بە سەقامگیریی سیاسییە، پێویستە سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی هەرێم سازش لە داواکانیان بکەن بۆ ئەوەی هەرچی زووە حکوومەت پێک بهێندرێت. ئەو پسپۆڕەی زانستە سیاسییەکان ئاماژەیشی دا: پارتی کە بڕاوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکانە زۆر هەوڵ دەدات بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ، بەڵام پێشمەرجی لایەنەکان زۆری ئاستەنگ بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ دروست دەکات، دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەت بە زیانی هاووڵاتییان و لایەنەکان تەواو دەبێت. سەرەڕای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک بڕاوەی یەکەمی هەڵبژاردن چەندینجار سەردانی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کردووە بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ، بەڵام چەند مانگێک بەسەر هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستاندا تێپەڕیوە و تا ئێستا حکوومەتی نوێ پێکنەهێندراوە. پێوەست بە زیانەکانی دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەت، د. سەباح سوبحی پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان و مامۆستای زانکۆ، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: وڵاتان چاویان لە پێکهێنانی حکوومەتی نوێیە. دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێم لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە زیانی زۆری بە هاووڵاتییانی هەرێم گەیاندووە، تاخر بووژانەوەی ئابووری پێویستی بە سەقامگیریی سیاسییە، پێویستە سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی هەرێم سازش لە داواکانیان بکەن بۆ ئەوەی هەرچی زووە حکوومەت پێک بهێندرێت. ئەو پسپۆڕەی زانستە سیاسییەکان ئاماژەیشی دا: پارتی کە بڕاوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکانە زۆر هەوڵ دەدات بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ، بەڵام پێشمەرجی لایەنەکان زۆری ئاستەنگ بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ دروست دەکات، دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەت بە زیانی هاووڵاتییان و لایەنەکان تەواو دەبێت.

سەرەڕای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک بڕاوەی یەکەمی هەڵبژاردن چەندینجار سەردانی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کردووە بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ، بەڵام چەند مانگێک بەسەر هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستاندا تێپەڕیوە و تا ئێستا حکوومەتی نوێ پێکنەهێندراوە. پێوەست بە زیانەکانی دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەت، د. سەباح سوبحی پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان و مامۆستای زانکۆ، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: وڵاتان چاویان لە پێکهێنانی حکوومەتی نوێیە. دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێم لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە زیانی زۆری بە هاووڵاتییانی هەرێم گەیاندووە، تاخر بووژانەوەی ئابووری پێویستی بە سەقامگیریی سیاسییە، پێویستە سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی هەرێم سازش لە داواکانیان بکەن بۆ ئەوەی هەرچی زووە حکوومەت پێک بهێندرێت. ئەو پسپۆڕەی زانستە سیاسییەکان ئاماژەیشی دا: پارتی کە بڕاوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکانە زۆر هەوڵ دەدات بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ، بەڵام پێشمەرجی لایەنەکان زۆری ئاستەنگ بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ دروست دەکات، دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەت بە زیانی هاووڵاتییان و لایەنەکان تەواو دەبێت.

پرسی تر تێکەڵ بە پرسی پێکهێنانی حکوومەت بکەن، کە لە کۆتاییدا دواکەوتنی بە زیانی هاووڵاتییان و سەرجەم لایەنەکان دەبێت.

د. سەباح سوبحی ڕوونیشیکردەوە: دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەتی نوێ زیانی بە پێگەی سیاسیی هەرێم لە بەرانبەر حکوومەتی عێراقدا گەیاندووە، چونکە چەندین پرسی هەستیارمان هەن کە تا ئێستا لەگەڵ بەغدا یەکلایی نەکراونەتەوە، وەک پرسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بودجە، مووچە، گەڕانەوەی پێشمەرگە، بەرنامەی حکوومەتی نوێی عێراقی فیدراڵ. وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی زلهێزیش چاوەڕوانی حکوومەتی نوێن.

ڕێڤینگ هرووری:

خەڵک چاوەڕێی پێکهێنانی حکوومەت و کاراکردنی پەرلەمان دەکات



سەرۆکی کاتیی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، خەڵک چاوەڕێی ئەوەیە بە زووییی حکوومەت پێکبهێنرێت و بژێویی ژیانیان خۆش ببیت. ماوەی چەند مانگێک تیپەڕیوە بەسەر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانداو و کۆبوونەوەی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان تا ئێستا بە کراوەیی ماوەتەوە، ئەندام پەرلەمانەکان سوێندی یاسایان خواردووە و حکوومەت پێکنەهاتووە. ڕێڤینگ هرووری، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی گوتی: لایەنەکان کۆبوونەوە لە دوای کۆبوونەوە دەکەن، بەڵام تا ئێستا کابینە پێکنەهاتووە، دەبێ تەواوی لایەنەکانی کوردستان دەست بدەنە یەکتری بۆ ئەوەی هەرچیی زووە حکوومەت پێک بهێنرێت. هروری ئاماژەیشی دا: پەلەنەکردن لە پێکنەهێنانی حکوومەت لە خزمەت خەڵکدا نییە، خەڵک چاوەڕێی خزمەت لە حکوومەت و پەرلەمان دەکات و تەنیا پارتی دەیەوێ زوو حکوومەت پێک بهێنرێت. پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەوەیە هەموو لایەنە سیاسییەکان هاوکار بن و حکوومەتێکی بەهێز دروست بکرێ.

نێچیرڤان بارزانی:

لە یەکی شوباتدا زۆر هاوکار و هاوخەبات و ئازیز و خۆشەویستمان لەدەستدا

بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و سەرکردەکانی هەمیشە ئامانجی توندڕەوان و تیرۆریستان بوون

ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر شانازی بە بنەماکانی فرەیی و لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی دەکەین

سەرلەبەیانیی ڕۆژی هەینی 2019/2/1 لە پانزدەهەمین ساڵیادی شەهیدانی یەکی شوبات، بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکەوزیرانی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک لە نوێنەرانی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان، مەراسیمێک لە شاری هەولێر ساز کرا. لەو مەراسیمەدا بەڕێز سەرۆک وەزیران وتارێکی بەو بۆنەیەوە پێشکەشکرد. بەڕێزیان لە وتارەکەیدا وێڕای بەخێرهێنانی میوانانی ئەو ڕێوڕەسمە، یادی شەهیدانی کارەساتی یەکی شوباتی ساڵی 2004ی بەرز نرخاند کە هاوکات هەردوو بارەگای لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەڵبەندی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرانە ئامانجی دوو پەلاماری تیرۆریستی و ڕەشبیرانە کە شەهیدبوونی 101 کەس لە سەرکردە و پێشمەرگە و خەباتگێڕ و کادیران و هاوڕێیانی هەرێمی کوردستان و شاری هەولێر، شاری لێبووردەیی و میواندۆستی و ئایینپەروەریی لێکەوتەوە و خوێنیان تێکەڵ بە خاکی پیرۆزی کوردستان بوو.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ڕۆژی ڕووداوەکەی گێڕایەوە کە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بوو و تیایدا هاوڕێیان بۆ جەژنە پیرۆزە لە کاربەدەستانی حکوومی و بەرپرسانی حزبی لەو شوێنانە کۆببوونەوە، بەڵام تیرۆریستان کە چاویان بە جەژن و خۆشیی خەڵکی کوردستان هەڵنایەت، ئەو کارەساتەیان خوڵقاند و جەرگی دەیان دایکیان سووتاند. ئەوەشی گوت کە ئەمڕۆ یادی تێکەڵبوونی خوێنی پێشمەرگە و سەرکردەکانی پارتی و یەکێتییە و توانییان بە هاوخەباتی و هاوسەنگەری دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان بپارێزن. لە ڕووەوە، جەختی لەسەر پێویستیی پاراستنی یەکڕیزی و یەکگرتوویی لە پرسی نیشتمانییەکاندا کردەوە.

بەڕێز سەرۆک وەزیران ئاماژەی بە میژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان کرد کە هەمیشە لە ڕێگەی خەباتی بەردەوامی شۆڕشگێڕانەدا، لە بەرەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا بووە و پەنای بۆ تیرۆر نەبردووە. هەربۆیە، وێڕای سووربوون لەسەر بنەماکانی فرەیی و لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان، پاراستنی ئەو کولتوورەی بە ڕێگرییەکی گەورە دانا لەبەردەم تەشەنەسەندنی هزری توندڕەوی کە گەورەیی ئەو هەڵوێستەی حکوومەت و خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە و بزووتنەوە سیاسییەکەی لە شەڕی داعشدا بۆ جیهان دەرکەوت، کە بە شانازییەوە بووەتە بەشێک لە پرۆگرامی پەروەردە و خوێندن لە هەرێمی کوردستان. تەنانەت سەرەڕای تاوانی جینۆسایدی ئێزدییەکان لە لایەن داعش و هەروەها بڕینی بودجەی هەڕێم و موچەی فەرمانبەرانی کوردستان لە لایەن بەغداوە، کە ئاوارەبوونی پتر لە دوو ملیۆن پەنابەری لێکەوتەوە، کەچی خەڵکی کوردستان بەوپەڕی بەرپرسیارێتییەوە ئامێزیان بۆ کردنەوە و هیچ ڕووداوێکی تووندوتیژی دەرهەقیان تۆمار نەکرا. ئەوەش مایەی شانازییە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان.

بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، وێڕای ئاماژە بە پەیوەندیی ئەرێنیی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراق، ڕایگەیاند کە بەخۆشییەوە لێککگەیشتنێکی باش لەگەڵ بەڕێز د. عادل عەبدولمەهدی هەیە لەپێناو چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی کە لە نێوان هەردوولادا هەیە. چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و نەهێشتنی ناکۆکییەکانی بە هۆکاری گرنگ دانا لە نەهێشتنی مەترسیی داعش و هاوشێوەکانی و ئەوەش لای حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرنگە. بەڕێزیان، ئەنجامدانی هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و کوردستان لە ساڵی ڕابردووی بە دوو سەرکەوتنی گەورە وەسفکرد کە سەرەڕای سەختی و قەیرانەکان بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام گەیشت و شانازییەکی دیکەی بۆ هەرێمی کوردستان تۆمارکرد.

بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی وتارەکەیدا، دووپاتیکردەوە کە یادی شەهیدانی یەکی شووبات بۆ هەمیشە لە دڵی هەموو کوردستانییەکدا هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە و جارێکی دیکە سڵاو و درووی نارد بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی یەکی شوبات و سەری ڕێز و نەوازشی لەبەردەم گیانی پاکی ئەوان و سەرجەم شەهیدانی کوردستاندا، دانەواند.

ئەمەش دەقی وتاری بەڕێز سەرۆک وەزیران:

کەسوکاری شەهیدان،
ئامادەبووانی بەڕێز بەیانیتان باش و هەمووڵایەکتان بەخێر بێێن..

بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ پازدەهەمین ساڵیادی شەهیدانی یەکی شوبات. بەخێرهاتنی نوێنەرانی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان دەکەم، هەمووڵایەکیان بەخێربێن بۆ بەشداریکردن لەگەڵ ئێمە لەم ڕێوڕەسمەدا. شەهیدانی ئەو ڕۆژە ڕەش و خەمناکەی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بە (کارەساتی یەکی شوبات) ناسراوە.

پازدە ساڵ پێشتر وەک ئەمڕۆ، ڕۆژی 1ی شوباتی ساڵی 2004 لە هێرشێکی هاوکاتدا، هەردوو بارەگای لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەڵبەندی سێی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە هەولێری خۆشەویستدا، کرانە ئامانجی دوو هێرشی تیرۆریستی و لە ئەنجامدا 101کەس لە سەرکردە و پێشمەرگە و خەباتگێڕ و کادیران و هاوڕێیانی هەرێمی کوردستان لە هەولێر شەهید بوون.

لێرەدا جارێکیتر ڕێز لە گیانی پاکی یەک بە یەکی ئەو 101 شەهیدە دەگرین و بەبیریان دەهێنینەوە. هەروەها ڕێز لە خەباتی هەموو ئەو بەرپرسانەی حکوومەت و پارتی و یەکێتی دەگرین کە لەو ڕۆژەدا شەهیدکران. یەکی شوبات ئەو ڕۆژەیە کە خوێنی 101 سەرکردە و پێشمەرگە و هاوڕێیەکی دیکەی ئەم وڵاتە تێکەڵی خاکی پیرۆزی کوردستان بوو. ڕۆژێک بوو کە تیرۆریستە ڕەشبێن و ڕەشبیرەکان لە یەک کاتدا لە هەولێری پایتەختی لێبووردەیی و میواندۆستی و ئایینپەروەری، هەردوو بارەگای سەرەکیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتییان کردە ئامانج.

ئەو ڕۆژە کە جەژنی قوربان بوو، خەڵکی هەولێر دەستە دەستە دەهاتن و پیرۆزباییی جەژنیان لە کاربەدەستانی حکوومەتەکەیان و بەرپرسە حیزبییەکانیان دەکرد. هەموو لایەک دڵخۆش بوون و گەردن ئازادییان لە یەکتر دەکرد، بەڵام تیرۆریستان، خۆشیی جەژنی قوربان و هیچ خۆشییەک بە خەڵکی کوردستان ڕەوا نابینن و وەک کارە هەمیشە ناشیرینەکانیان، ئەمجارەش جەرگی دەیان دایکیان سووتاند و دڵی سەدان دۆست و هاوڕێ و کەسوکاری ئەو شەهیدانەیان ئێشاند.

ئەمڕۆ ئێمە یادی ڕووداوێکی ئاسایی ناکەینەوە، بەڵکو یادی تێکەڵبوونی خوێنی پێشمەرگە و سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەینەوە کە لە پێناو پاراستنی ئەم دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان لە یەک سەنگەردا بوون، تاکو لە کۆتاییدا توانییان پێکەوە کوردستانی سەربخەن.

ئێمە کە لە یەکی شوباتدا زۆر هاوکار و هاوخەبات و ئازیز و خۆشەویستمان لەدەستدا، هەموومان لە ناخی دڵەوە بەو کارساتە دڵتەزێنە هەژاین. لە هەمان کاتدا ئەو ڕاستییەش جارێکی دیکە کەوتەوە بەرچاوی هەموومان کە دوژمنان هیچ جیاوازییەکمان لەنێواندا ناکەن و لە یەک کاتدا دوژمنایەتیی هەموومان دەکەن، بۆیە لەم ڕۆژەدا دەبێ ئێمە بەبیرخۆمان بهێنینەوە کە دەبێ ئێمەش یەکگرتوو بین و هەمیشە یەکگرتوویی خۆمان لە پرۆسە و پرسە نیشتمانییەکاندا هەموولایەکەمان بە یەکەوە بپپارێزین.

بەڕێزان..

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و سەرکردەکانی لە کوردستانی عێراق، هەمیشە ئامانجی توندڕەوان و تیرۆریستان بوون. لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هیچ کاتێک پەنای نەبردووەتە بەر تیرۆر و هەمیشە لە بەرەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا بووە.

شۆڕشی کوردستان لەپێناو گەیشتنی گەلی کوردستان بووە بە ئامانجەکانی لەسەر خاکی خۆی، بۆیە هێرش و دەستدرێژی و تیرۆر، کاری گەلی کوردستان نەبووە، بەڵکو بەرگریکردن و ئازادیخوازی لەسەر خاکەکەی، ڕێگەی خەباتی بەردەوامی شۆڕشگێڕانی ئەم وڵاتە بووە. لەبەر ئەوە پاراستن و مانەوەی پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە کوردستان، ڕێگرێکی گەورە بووە لە فراوانبوونی مەترسیی تیرۆر و هزری تووندڕەوی لە ناوچەکەدا.

ئەم تایبەتمەندییە و ڕۆڵی گەلی کوردستان و بزووتنەوە سیاسییەکەی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها ڕۆڵی پێشمەرگە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و ڕێگرتن لە تووندڕەوی و تیرۆر، زیاتر لە هەموو کاتێک، لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی داعشدا بۆ جیهان بە ڕوونی و گەورەیی دەرکەوت.

ئێمە لە کوردستان ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر شانازی بە بنەماکانی فرەیی و لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی دەکەین و بۆیە ئێمە ئامادەین لە هەموو شوێنێکی جیهان بەشداری هەوڵ و پڕۆژەیەک بکەین کە مەترسیی داعش کەم بووەتەوە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە لەناو نەچووە، لەبەر ئەوەش دەبێ هاوپەیمانیی دژی داعش و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئێستاش حیسابێکی سەربازی و ئەمنیی جددی بۆ ئەو مەترسییە بکەن، هەروەها دەبێ لەڕووی هزرییەوە، بە بەرنامە و ستراتیژێکی ڕوونەوە، ڕووبەڕووی تیرۆر و بیری تیرۆر ببینەوە.

بەردەوامبوونی جموجوڵ و هێرشەکانی داعش لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و چەند پارێزگایەکی دیکەی عێراق بۆ هەموو لایەکمان ئاشکرایە و مایەی مەترسییەکی جددیە بۆ ئاسایشی عێراق بەگشتی. ئەگەر بە جددی ڕێگەی لێنەگیرێت، مەترسیی زیاتر و فراوانتربوونی هەیە.

پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بە 1726 شەهید و 42 بێسەروشوێن و 10 هەزار و 720 بریندار، بە ئیرادەیەکی گەورە و بە چەک و توانایەکی یەکجار زۆر کەم، هێزێکی هەرە سەرەکیی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بوو. هەر لەم بۆنەیەدا یادی ئەو شەهیدانە بەرز ڕادەگرین و لە بەرامبەر ڕۆحی گەورەی ئەو شەهیدانە سەری ڕێز و نەوازش دادەنەوێنین. ئێستاش پێویستە ستراتیژێکی تازەی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی، لە لایەن هاوپەیمانیی دژی داعشەوە بە بەشداریی پێشمەرگە و هێزەکانی تری عێراقی دابنرێت.

لە هەمان کاتدا دەبێ دابینکردنی مافی هەموو گەلان و پێکهاتەکان بە شێوەیەکی یەکسان و بڵاوکردنەوەی بنەماکانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و بەرەنگاربوونەوەی تووندڕەوی بە شێوەیەکی سیستماتیک و پەروەردەیی و یاسایی، بکرێنە بنەمای ستراتیژێکی درێژمەودای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە هەموو عێراق و ناوچەکەدا، ئەمەش بۆ ئەوەی ئاسایش و دیموکراسیی جیهان پارێزراو بن.

بەڕێزان،

پێشمەرگەی کوردستان کە بۆ یەکەمجار هێرشەکانی تیرۆری لەسەر زەوی وەستاند و لە شنگال و مەخموور و لە کەرکووک و گەرمیان بە هاوکاریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی داعشی تێکشکاند، ئێستاش ئامادەیە هەموو هاوکارییەکی هێزەکانی عێراق و هاوپەیمانانیی نێودەوڵەتی بکات لەپێناو نەهێشتنی هەبوون و مەترسیی تیرۆریستان لە عێراقدا بە تەواوی. زەمینەی ئەو هاوکارییەش ئێستا لە هەموو کات باشترە، بەتایبەتی کە ئێستا کەشێکی باشی ئەرێنی لەنێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵیی عێراقدا هەیە.

هەروەها دەمەوێ لێرەدا ڕایبگەیەنم کە ئێستا خۆشبەختانە لێککگەیشتنێکی باش لەگەڵ سەرۆک وەزیران بەڕێز د. عادل عەبدولمەهدی هەیە لەپێناو چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە.

ئێمە ئەو هاوکاریکردنە زۆر بە گرنگ دەبینین لەپێناو نەهێشتنی هەبوون و مەترسیی داعش و هاوشێوەکانی، سوود لە ناکۆکی و کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر دەبینن، لەبەر ئەوەش بەهێزکردنی هاوکاریی نێوان هەولێر و بەغدا و چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان، لەو بوارەشدا لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە زۆر بە گرنگ سەیر دەکرێت.



داعش و هاوشێوەکانی سوود لە ناکۆکی و کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر دەبینن

بەڕێزان، وێڕای ئەو شەڕەی بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپێنرا و سەرەڕای هەموو ئەو قەیران و سەختییانەی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کران، خەڵکی هەرێمی کوردستان توانیان دوو هەڵبژاردن لە ساڵی ڕابردوو بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەن ئەوانیش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان بوون. بە ڕاستی ئەنجامدانی دوو هەڵبژاردن بەو ئارامییە لەو بارودۆخەدا جێگەی شانازیی ئێمەیە، جێگەی شانازی هاوڕێیانی هەرێمی کوردستانە .

ئێمە لە هەرێمی کوردستان هەموو کارەسات و شانازییەکانمان پێکەوە بوونە. ئەمڕۆ کە یادی یەکی شوبات دەکەینەوە، پێش هەموو شتێک دەبینین کە خوێنی بەرپرس و کادیرانی هەردوو پارتی سەرەکیی هەرێمی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێکەوە ڕژاوە، لەبەر ئەوەش ئەمڕۆ و هەموو کاتێکیش، دەبێت پارتی و یەکێتی پێکەوە کار بکەن و چارەسەر بۆ پرسە جیاجیاکان بدۆزنەوە. کاتی ئەوەیە پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی دیکەش لە هەرێمی کوردستان، پێکەوە لە پرس و پرۆسە سیاسییەکاندا کار بکەن و لێکگەیشتنیان زیاد بکەن لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق، بۆ ئەوەی حکوومەت و ئیدارەی داهاتووی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی هاوبەش و بەبێ کێشە بەڕێوە ببەین و هێز بدەینە چارەسەری هەموو ئەو کێشانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەبووە.

لە کۆتاییدا، جارێکی دیکە سڵاو و دروود بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی یەکی شوبات دەنێرین و سەری ڕێز و نەوازش لەبەردەم گیانی پاکی ئەوان و تەواوی شەهیدانی کوردستاندا، دادەنەوێنین.

یادی ئەو ئازیزانە بۆ هەمیشە لە دڵی هەموو کوردستانییەکدا هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە. یەکی شوبات سیمبۆلێکی دیکەی ئەو کارەسات و نەهامەتیانەیە کە بە دریژاییی مێژوو بەسەر گەلی کوردستاندا هاتوون، بەڵام هەمیشە ئیرادەی گەلی کوردستان بۆ مانەوە، بۆ ژیان، لە هەموو هێرش و تیرۆر و دوژمنکارییەک بەهێزتر بووە و هەمیشە دوای هەر کەوتنێک، بەهێزێکی زۆر گەورەترەوە هەڵساوەتەوە.

نەمری بۆ شەهیدان و سەرکەوتن و سەرفرازی بۆ کەسوکاری سەربەرزیان.

ئێوەش هەموو لایەکتان دووبارە بەخێر بێن بۆ ئەم ڕێوڕەسمە و زۆر سوپاس.

پارتی بەردەوام دەبێت لە کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان

شاندێکی پارتی سەردانی کۆمەڵ و یەکگرتوو و شیوعی کرد

فازڵ میرانی: ئەوەی دوێنێ نەمانکردووە بۆ ئەم میللەت و وڵاتە پێویستە ئەمڕۆ بیکەین و ئاسایش و بژێوی خەڵک لە ئەولەویاتی ئێمەیە

عەلی باپیر: پارتی مێژوویەکی دوورودرێژی لە خەباتدا هەیە و لە ئێستاشدا پێگەیەکی بەرچاوی هەیە

مەحمود محەمەد: دەمانەوێت لەگەڵ لایەنەکان پێکەوە بین و بەرگەی ئەم بارودۆخ و قۆناغە بگرین و نەبینە سووتەمەنی

خەلیل ئیبراهیم: هەموو هێز و لایەنەکان قەرزاری ئەم وڵاتەین، بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە دەبێت خزمەتی بکەین

ئەبو کاروان: بەهیچ شێوەیەک پارتی داوای لێ نەکردووین بەشداری کابینەی نوێ بکەین







ڕاپۆرت، فۆتۆ/عەلی بانیشاری-هەولێر

ڕۆژی پێنج شەمە 31ی کانوونی دووەم شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی و ئەندامیەتی مەحمود محەمەد، هێمن هەورامی، عەلی حوسێن، دڵشاد شەهاب، سەردانی کۆمەڵ و یەکگرتوو و شیوعیان کرد. کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی شاندەکەی پارتی لە هەولێر لەگەڵ مامۆستا عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی و عەبدولستار مەجید و ڕێبوار حەمەد، ئەندامانی ئەنجوومەنی سیاسی و حەسەن بابەکر و ئیبراهیم عەزیز و بیلال سلێمان، ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵ کۆبوونەوە. لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا پاش زیاتر لە کاتژمێرێک کۆبوونەوەی نێوان هەردوولا ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی ڕاگەیاند: سەردانەکەی شاندنی پارتی دۆستانە بووە. سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتیش گوتی: سوورین لەسەر بەرەوپێشبردنی پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسییەکان.

کۆمەڵ: ئامادەین بەشێک بین لە چارەسەر

لەسەرەتای کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەدا ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی ڕاگەیاند: ئەوان وەکو کۆمەڵ ئامادەن بەشێک بن لە چارەسەری ئەو کێشانەی کە ئێستادا هەن. مامۆستا عەلی باپیر گوتی: سەردانەکەی شاندنی پارتی دۆستانە بوو. گوتیشی: مەبەست لەسەردانەکە تاوتوێکردنی بارودۆخی هەرێم و ناوچەکە بوو، توندوتۆلکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بە ئەرێنی باسکرا و ئومێدمان وایە بە هاوکاری هەموو لایەک لایەنە سیاسییەکان لەمەودوا بەرپرسانەتر پێکەوە مامەڵە بکەن و ئەو گرفتانەی کە هەن بە هەوڵی هەموو لایەک چارەسەریان بۆ دابنرێت. ناوبراو ئەوەشی گوت: بەدڵنیاییەوە هەموو لایەک لەم وڵاتە بەرپرسیارین و بە هەموان دەتوانین دۆخەکە چاک بکرێت و هەمیشە تێکدان کارێکی خراپە و یەکێک دەتوانێت دۆخەکە تێکبدات، بەڵام بە هەموان نەبێت چاک ناکرێت.

کۆمەڵ داوای چارەسەری ریشەیی دەکات

عەلی باپیر بە ڕۆژنامەنووسانی گوت: وەکو کۆمەڵی ئیسلامی دەزانین پارتی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لە خەباتدا، ئێستاش پێگە و جێگە و ڕێگەیەکی بەرچاوی هەیە، بۆیە دەبێت ئەوان زیاتر هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن بەرپرسانەتر مامەڵە بکەن. ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ: ئومێدمان وایە هەرچی زووترە ئەو کێشانەی کە هەن و پەیوەندی بە پەرلەمان و حکومەت و بەکۆی ئەزموونە سیاسییەکەمانەوە هەیە چارەسەربن. باپیر گوتیشی: ئومێدەوارین ئەو چاوەڕوانییەی کە خەڵک و جەماوەری کوردستان لە ئێمەی هەیە بێتەدی و چارەسەری ریشەیی کێشەکان بکرێت.

پارتی: دابینکردنی ئاسایش و ژیانی خەڵک لە پێداویستیەکانی ئەم میلەتەیە

فازڵ میرانی، دوای ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی قسەی بۆ ڕۆژنامەنووسان کردوو گوتی: ڕێنماییەکانی سەرۆک بارزانی ئەوەیە بیر لەوە بکەینەوە کە دوێنێ نەمانکردووە بۆ ئەم میلەت و وڵاتە ئەمڕۆ هەوڵبدەین بیکەین. گوتیشی: پرسیارێک دێتە پێشەوە کە ئەوەیش ئەوەیە ئایا هیچ نەکراوە؟ بەڵێ کراوە، هەموو شتێک کراوە؟ نەخێر نەکراوە، دوێنێ زیاترمان پێدەکرا؟ بەڵێ پێمان دەکرێ. سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دەڵێت: لێرەوە دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکان لەم خاڵەوە داخڵی کێشەکانی وڵاتی خۆمان بین. میرانی ئەوەشی گوت: دابینکردنی ئاسایش و بژێوی خەڵکی کوردستان لە ئەولەویاتی ئێمە و پێداویستەکانی ئەم میلەتەیە. سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی هەر لە درێژەی وتەکانیدا بۆ میدیاکاران گوتی: هەموان قەرزاری میلەتی خۆمانین و دەبێت پێکەوە قەرزی میلەتەکەی خۆمان بدەینەوە. فازڵ میرانی دەشڵێت: میلەتی کورد خوێن و دەنگ و مالی داوە ئەمڕۆ کاتی هاتووە ئەوانەی لە حکومەت دەبن یان ئۆپۆزسیۆن دەبن خزمەتی وڵات بکەن. هەروەها ناوبراو گوتیشی: ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت بە شێوەیەکی ڕاست خزمەتی وڵاتی خۆی بکات و ئەوانەشی لە حکومەتن دەتوانن بە حکومڕانێکی ڕاست و عەدالەت خزمەتی میلەت و وڵات بکەن.

یەکگرتوو: سوورین لەسەر ئۆپۆزسیۆن بوونمان

چاکسازیشەوە خەلیل ئیبراهیم گوتی: پرسی چاکسازی پرسێکی زۆر گرنگ و پێویستە سوورین لەسەر ئەمە. ئاماژەی بەوەشدا یەکگرتوو بەدواداچوون و چاودێری کارەکانی کابینەی نوێی حکومەت دەکات و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات و بەردەوام دەبێت لەسەر ڕەخنە. خەلیل ئیبراهیم گوتیشی: هەوڵی چاککردن و باشترکردنی بژێوی خەڵک دەدەین. ناوبراو دەشڵێت: زەمینەسازی بۆ پەیوەندییەکانی نێوان سەرجەم لایەنەکان دەکەین تا پەیوەندییەکی باش بن و خزمەتی پرسی چاکسازی و سەقامگیری ئەم وڵاتە بکەن. سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە حیزبەکەی سوورە لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەموو لایەنەکانە سیاسییەکانی باشووری کوردستان.

وتەبێژی پارتی: لەسەر بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتیمانی نابێت جیاوازیمان هەبێت

مەحمود محەمەد بە ڕۆژنامەنووسانی گوت: پارتی سەردانی هەموو لایەنەکان دەکات، سەردانەکەشمان بۆ لای یەکگرتوو لەو چوارچێوەیەدایە. وتەبێژی فەرمی پارتی گوتیشی: کوردستان پێویستی بە هەمووانە هەیە و پێویستە ئەوانەی چ لە دەسەڵاتن یان ئۆپۆزسیۆن بەرژەوەندی بااڵی نەتەوەیی و نیشتیمانی کۆیانبکاتەوە. ناوبراو جەختی لەسەر ئەوەیشکردەوە ئەگەر بۆچوونی جیاوازیش بێت نابێت لەسەر بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان جیاوازیمان هەبێت. مەحمود محەمەد هەروەها دەڵێت: ئەم وڵاتە پێویستی بەهەمووانە. لەبارەی ئۆپۆزسیۆنیشەوە وتەبێژی پارتی گوتی: ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت دەورێکی زۆر چاک بگێڕێت و کاریگەری هەبێت لەسەر ڕەوتی چاکسازییەکان و پێشکەوتنەکان. ئەوەشی گوت: پارتی و یەکگرتوو تازە نییە پێکەوە دادەنیشن، لە ڕابردوویش کە لە دەسەڵات پێکەوە بوون ئەگەر هاوپەیمانیش نەبووین پەیوەندی دوو قۆڵیان لە هاوپەیمانییەتی بەهێزتر بووە. هەروەها ئاماژەی بەوەشدا ئەگەر یەکگرتوو ئۆپۆزسیۆنیش بێت پارتی دیالۆگ و پەیوەندی لەگەڵی دەبێت.

«پێویستە بەرگەی تەحەدیاتەکان بگرین»

مەحمود محەمەد ئومێدی خواست لە داهاتوویشدا پێکەوە بوونی پارتی و یەکگرتوو بەسوودی خەڵکی کوردستان بێت. گوتیشی: پێویستە بەرگەی ئەو تەحەدیاتانە بگرین کە لەپەردەماندایە، ئێوە ئاگادارن لە جوگرافیایەکدا دەژین کە لە هەڵچوندایە، هەم لە سوریا هەم لە عێراق و ئێران و کەنداویش، ئەمانە ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ کاریگەی ئێجابی یان سلبیان لەسەر کۆمەڵێک بواری هەستاری ناو کۆمەڵگەی کوردستانی هەیە. ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی دەڵێ: ئێمە بۆیە هاتوین بۆ لای بەڕادەرانی یەکگرتووی ئیسلامی تا دەستی دۆستایەتی ئێمە و ئەوان بۆ هەموو لایەنەکانی دیکەش درێژ بکەین و پێکەوە لەگەڵ یەکتر بین و بەرگەی ئەم بارودۆخ و قۆناغە بگرین. مەحمود محەمەد دەشڵێت: بۆچوونمان وایە ڕەنگە کۆمەڵێک ڕووداو لە پێش بن و پێویستە ئێمە نەبینە سوتەمەنی و کێشە، بەڵکوو بەرگەی بگرین.

شیوعی: بڕیاری خۆماندواوە و ئۆپۆزسیۆن دەبین

هەمان شاندی پارتی کاتژمێر 2:30 خولەکی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەمە سەردانی حیزبی شیوعیان کرد، شاندەکە لەگەڵ د.کاوە محمود سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی شیوعی و بەڕەڤان ئامێدی و ئەبو کاروان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەحمەد شێروانی ئەندامی سەرکردایەتی کۆبوونەوە. ئەبو کاروان بە ڕۆژنامەنووسانی گوت: بەپێی بەرنامە و کارنامەی خۆمان بڕیاری خۆماندواوە و ئۆپۆزسیۆن دەبین. گوتیشی: پارتی داوای لێ نەکردووین بەشداری ئەم کابینەیە بکەین. ئەبو کاروان ئەوەشی گوت بەرنامەی ئۆپۆزسیۆن بوونمان کاری لەسەر دەکەین. لە وەڵامی پرسیارێکی پەیامنێری (خەبات)دا سەبارەت کۆبوونەوەیەکی دیکەیان لەگەڵ پارتی؟ ناوبراو گوتی: لە داهاتوودا لەگەڵ پارتی کۆدەبینەوە و بڕیاری ئەوەمان نەداوە کۆتایی پەیوەندییەکانمان بێت. سەبارەت بە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەیان لەگەڵ شاندی پارتی ئەبو کاروان دەڵێ: لە کۆبوونەوەکەدا باسی لە پەیوەندییەکانی حیزبە کوردستانییەکان کرا و ئەوەشی پەیوەندی بە دەورووبەر و بەغدا و هەرێمەوە هەیە قسەی لەبارەوە کرا. گوتیشی: کۆبوونەوەکە زیاتر ڕاگۆڕینەوە بووە.

پارتی لەسەر خاڵە هاوبەشەکان کار دەکات

پاش کۆبوونەوەی پارتی و شیوعی، عەلی حوسێن، ئەندامی شاندی پارتی بە ڕۆژنامەی(خەبات)ی ڕاگەیاند: سەردانی پارتی بۆ لای لایەنەکان سیاسی بووە و زیاتر مەبەست لێی پتەوکردنی پەیوەندییەکان بووە. گوتیشی: ئەو لایەنانەشی لە حکومەت بەشدار نابن بەدڵنیاییەوە پارتی پەیوەندی لەگەڵیان دەبێت. عەلی حوسێن هەروەها ئەوەشی گوت: لەگەڵ هەر لایەنێک بەپێی مێژووی خۆی ئێمەش مێژومان لەگەڵی هەیە و ئەو پەیوەندیانە بەردەوام دەبن. ئاماژەی بەوەشدا پارتی لەسەر خاڵە هاوبەشەکان کار دەکات و بەدڵنیاییەوە هەموو حیزبەکانیش بەرپرسیاریەتیان لەم وڵاتەدا هەیە. عەلی حوسێن هەروەها گوتیشی: لە دانیشتنەکانیاندا لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان باسی لە پێکهێنانی حکومەت کراوە.

لە مەراسیمێکدا.. ئاڵای کوردستان لەبەردەم بارەگەی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە یەکێتیی ئەورووپا هەڵکرایەوە

دلاوەر ئاژگەیی: سەرجەم بەڵگەکانمان رادەستی هێزە ئەمنییەکانی بەلجیکا کردووە و ئەوانیش لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن



ساسان دەروێش/بەلژیکا:

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە لایەن چەند کەسێکی کوردی گێرەشێوێن، ئاڵای کوردستان لەبەردەم باڵاخانەی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بڕۆکسڵ هێنرایە خوارەوە و سووکایەتی پێکرا. ئەمەش نارەزایەتی بەدوای خۆیدا هێنا و بەهۆی ئەوەی ئاڵا سیمبۆلی ناساندنی هەر نەتەوەیەکە لە جیهاندا.

لە کاردانەوەدا ڕەوەندی کوردی، وێڕای سەرکۆنەکردنی ئەو کرداره ناشیرینە، داوایان لە نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا کرد کە لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیدان و شۆڕش و خەباتی گەلی کوردستان لە پێناوی شەکانەوەی ئەو ئاڵایەدا کە بە درێژایی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد و بەم بۆنەیەشەوە دوێنێ شەمە 2ی شوباتی 2019 ڕەوەندی کورد لە وڵاتانی بەلژیکا و هۆڵەندا و ئەڵمانیا و فەرەنسا لە ئاپۆڕایەکی جەماوەری و لە مەراسیمێکی شایستەدا ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەبەردەم بارەگای نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بڕۆکسڵ هێنرایە خوارەوە و بەدەم مارشی نەتەوەی ئەی ڕەقیب، دواتر لە لایەن دکتۆر دلاوەر ئاژگەیی نوێنەری حکوومەتیی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا ئاڵای کوردستان بەرزکرایەوە و لە ئاسمانی بڕۆکسل شەکایەوە و بە دوایدا لە لایەن بەشداربووانی مەراسیمەکە چەندین هوتاف و شیعر گوترایەوە بۆ دڵخۆشی خۆیان و ئیدانەکردنی دوژمنانی دەستی دەرەکی. دلاوەر ئاژگەیی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا لە پەیامێکی پێشکەشکرد و وێڕای سوپاسی خۆی و نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم گوتیشی: ئەوەی بینیمان جێگەی سوپاسە کە ڕەوەندی کوردستانییان بە پێشمەرگەی دێرین و کەسوکاری شەهیدان و خەڵکی نیشتمانپەروەر و خەڵکانی دڵسۆز بە خاک و نەتەوە، ئەمە بۆ ئێمە دڵخۆشی بوو کە بەمشێوە خەڵکانی تاراوگە پشتگیری لە حکوومەتی هەرێم و دەستکەوتەکانی دەکەن و پارێزەری بەها پیرۆزەکانی سیمبۆلی نەتەوەیین، هەروەها گوتیشی: ئاڵای کوردستان شکۆی کوردستان و گەلی کورد و هەزاران تاکی کورد بە پێشمەرگە و خەڵکانی کوردیەرەوەر و تێکۆشەر و دڵسۆزانی گەل خۆینیان لە پێناویدا ڕشتووە. هەروەها ئاژگەیی گوتیشی: بۆ ئەو چەند کەسەش کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر هێرشیانکردە سەر نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم ئێمە لایەنی یاسایی و ئەمنی بەلجیکامان لە ڕووداوەکە ئاگادار کردووەتەوە و سەرجەم بەڵگەکانمان ڕادەستی هێزە ئەمنییەکانی ئەو وڵاتە کردووە و ئەوانیش ئێستا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن و دواتر لە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە ئاگادارمان دەکەنەوە.

پێشڕەو حەسەن لە هۆڵەندا وەک بەشداربوویەکی مەراسیمەکە بۆ خەبات گوتی: ئەمەی بیندرا لە ڕەوەندی کورد کاری هەمیشەیی بوو بۆ پاڵپشتیکردنی دۆزی کورد و شۆڕش و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕابردووشدا، ئێستاداش دەبێت دوژمنانی کورد بزانن تا کورد ئەم سەرمایە گەورەیەی هەبێت مەحاڵە بتوانن هیوای کوردبخنکێنن و دەبێت هەر کورد سەرکەوێت.

لە کۆتایی مەراسیمەکەشدا بە کۆی دەنگی ئامادەبوانی بەشداربووی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لەبەردەم نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا دووپاتیانکردەوە کە دەستدرێژی لە بەرامبەر ئاڵای کوردستان و هێرشکردنە سەر دامودەزگا نیشتمانییەکانی کوردستان و بە ئامانجکردنیان بریتییە لە دوژمنایەتیکردنی کوردستان و ئەوجۆرە کارانەش بە هیچ شێوەیەک قەبوڵناکرێن و دەبێت ئاژاوەگێڕان لە ڕێگای یاساییەوە بدرێنە دادگا بۆ لێپێچینەوەیان و دادگاییکردن.





هۆڵەندا.. کۆنفرانسی هاوبەشی خۆراک و کشتوکاڵی هۆڵەندا و هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو

کونسوڵی هۆڵەندا: دەمانەوێ کۆمپانیا هۆڵەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا کار بکەن

ساسان دەروێش/ئاشتی گەرمیانی:

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە ناوەندی بازرگانی لە شاری لاهایی هۆڵەندا، لە ڕۆژانی 30 و 31ی کانوونی دووەمی 2019 کۆنفراسی هاوبەشی خوراک و کشتوکاڵی بە ئامادەبوونی نوێنەرایەتی لە 162 کۆمپانیای کوردی و بیانی و کەسایەتی ناسراو و بازرگان و جووتیاری نموونەیی و ژووری بازرگانی کوردستان و وەزارەتی دادی هۆڵەندی و نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا و کونسوڵی هۆڵەندا لە هەولێر و لەگەڵ کۆمەڵێک لە کۆمپانیای خۆراکی و چاندنی هۆڵەندی بەشدار بوون. بە سەرپەرشتی عەبدولڕەحمان دۆسکی ڕێکخەری کۆنفراسەکە خاوەنی کۆمپانیای پیتەرسپۆرک ئینتەرناسیونال بەڕێوەچوو. کامیران مەرعی پێشکەشکاری کۆنفراسەکە بە خێرهاتنی هەموو لایەکی کرد و بەرنامەی کۆنفراسەکەی خستەڕوو بە زمانی کوردی و دینار کۆچەریش کاری وەرگێڕانی بەشێکی کۆنفرانسەکەی گرتەئەستۆی خۆی لە زمانی کوردییەوە بۆ هۆڵەندای و بەپێچەوانەشەوە.

وردەکاری چۆنیەتی ڕێکخستنی کۆنفراسەکە

عەبدولڕەحمان دۆسکی وردەکاری چۆنیەتی ڕێکخستنی کۆنفراسەکەی بۆ ئامادەبووان باس کرد کە چۆن پەیوەندییەکی تۆکمە دروستبکەن لە نێوان وڵاتی هۆڵەندا و هەرێمی کوردستان و چۆن بازرگانان و جووتیارانی هەرێمی کوردستان سوود لەو هاوکاری و کۆمپانیا هۆڵەندییانە وەربگرن و بتوانن ئاڵوگۆڕی بازرگانی پتەو بکەن لە داهاتوودا. هەر لە درێژەی وتەکانیدا باسی لەوەشکرد کە ئێمە پێشتر لەگەڵ باڵیۆزی عێراق ڕێککەوتین کە ئاڵای کوردستان لە نێو کۆنفراسەکە دابندرێت. بەڵام بەداخەوە دواتر پەشیمان بوونەوە لە بەڵێنی خۆیان و دانانی ئاڵای کوردستان کە بینیان دانرابوو لە هۆڵی کۆنفراسەکە، بڕیاریان دا بەشدار نەبن و هۆڵەکەیان بەجێهێشت.

ئامانجمانە کەرتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان بەهێز بکەین

دواتر ویلەم کۆژاین کونسوڵی هۆڵەندا لە هەولێر لە کۆنفراسەکەی دەنهاغ باسی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و هۆڵەندا کرد کە کاری پێکەوەیی و بە یەکسانی کار بکەین و ئەنجامی بدەین هەردوولا ئامانجێکمان هەیە بۆ ئەوەی ملیۆن کەس سوود لەو کاروپێکەوەییە ببینێت بۆ ژیانێکی باشتر و کشتوکاڵێکی باشتر. لەڕووی هەردووڵامان ئامانجێکمان هەیە کە ملیۆنێک خەڵک سوودی لێ ببینن و تەکنیکی بەرز سوودی لێ وەربگیرێت. چەندین تواناممان هەیە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە و لە ناوەڕاست و باشووری عێراقیش. بۆیە دەمانەوێت کۆمپانیاکانی ئێمە لەگەڵ هەرێمی کوردستان پێکەوە کار بکەن، پێموایە دەتوانین پێکەوە کار بکەین، بازرگانە هۆڵەندییەکان دەتوانن کار بکەن لە هەرێمی کوردستان. بەتایبەتی بەرهەمهێنانی پەتاتە و کۆمپانیای باشمان هەیە لەوێ کار دەکەن بەتایبەتیش لە شاری خرۆنیگن کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان کار بکەن، ئێمە دەزانین دارایشەوە پەرەی پێدەدەین.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بیرلە جێگرەوەی نەوت دەکات

د. دلاوەر ئاژگەیی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا لە بەشێک لە وتارەکەیدا گوتی: بۆ پەرەپێدانی ئەو کەرتەش، حکوومەتی هەرێمی کوردستان چاوی لەوەیە کە وڵاتانی خاوەن ئەزموون لە کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان کار بکەن و بەرهێنان بکەن، ئێمە چاومان لە تەکنەلۆژیای بەرزی کشتوکاڵی وڵاتی هۆڵەندایە، ئێمە دەزانین پەیوەندی لە نێوان کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان و هەروەها کۆمپانیا هۆڵەندییەکان هەن و سەرکەوتنی زۆریشی بەخۆوە بینیوە، ئێمە پێویستمان بە پشتگیری وڵاتانە و وڵاتی هۆڵەنداش بۆ پەرەپێدانی ئەو کەرتە، دەزانین کە لە ماوەی ڕابردوودا وڵاتان هاوکاری هەرێمی کوردستانیان کرد لە شەڕی دژ بە داعش هۆڵەنداش یەکێک بوو لەو وڵاتانە لە قۆناغی دوای داعشیشدا ئێمە دیسانەوە چاومان لە هۆڵەندایە بۆ ئەوەی کە پشتگیری زیاترمان بکەن، ئێمە دەزانین سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندا کۆبووە و پەیوەندییەکانی زیاتر لەوێوە چڕکردووەتەوە و بەهێزکراوە هەروەها سەرۆکوەزیرانی هۆڵەنداش ئیراده و ویستی خۆی خستووەتەڕوو بەوەی بیەوێت کاری زیاتر لە هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکان زیاتر بکرێت، ئێمە وەک نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بڕۆکسڵ لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا گفتوگۆیەکمان دەستپێکردووە بۆ ئەوەی بتوانین لە ئایندەیەکی نزیکدا کوردستان بتوانێ وەک وڵاتانی دەوروبەری خۆی بەشێک لەو بەرهەمانەی کە کوالێتیان باشە ڕەوانەی دەرەوە بکرێن و بازاڕی باشیان بۆ بدۆزرێتەوە.

گفتوگۆی پانێڵەکان وئامانجەکانی

لە تەوەرێکی تری کۆنفرانسەکەشداکە تایبەت بوو بە پانێڵەکان، چەند کەسایەتییەکی بازرگان و ڕاوێژکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و چەند کەسایەتییەکی هۆڵەندی پێکەوە باسیان لە پەرەپێدانی هاوکاری و گرنگیدان بە پرۆژەی کشتوکاڵ و بنەتوێ دا و ئاڵوگۆڕی زانیاریان کرا بۆ کارئاسانی بۆ کارەکان و پتەوکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان هەردوولا بۆ بوژاندنەوەی بەشی کشتوکاڵی و خۆراکی لە هەرێمی کوردستان و لە لایەن بازرگانەکانیشەوە ڕوونکردنەوەی تەواو درا لەسەر کەشوهەوای کوردستان و چارەسەری بە بازاڕکردن و ساغکردنەوەی بەرهەمە خۆراکییەکان بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

ڕۆژی دووەمی پانێڵەکان

لە پەراوێزی کۆنفراسەکە بۆ ڕۆژی دووەم سەرەتا بۆ خۆناسینی چەند کۆمپانیایەکی کوردی و هۆڵەندی بوون کە لە کوردستاندا پێکەوە کار و پڕۆژەیان ئەنجامداوە زۆر بەسەرکەوتووانە بە تایبەتی لە بواری پەتاتەدا لە ڕێگای بیمەری گەورەوە وێنە و فیلیمەکانی چاندن و هەڵگرتنەوەی بەرهەمەکانی جووتیاری کورد نمایشکران.

لێدوانی بەشداربووان بۆ خەبات

شێرزاد یونس ڕۆژبەیانی بەڕپرسی پەیوەندییەکانی پارتی لە هۆڵەندا گوتی: هەموو لایەک دەزانین کە کۆمپانیاکانی هۆڵەندی خاوەن ئەزموون و شارەزاییەکی باشن لە بواری کشتوکاڵ، هەر بواری کشتوکاڵ بوو ئەم وڵاتەی گەیاندە ئەو ئاستە سەرکەوتووە، بۆیە کارکردن و ئاڵوگۆڕی شارەزایی لەو بوارەدا دەبێتە هۆی جوڵانەوە و زیادبوون و شارەزایی و ئەزموون لەو بوارەدا بەمشێوەیە کوردستان لە بواری کشتوکاڵدا پێش. بەشار موشیر خاوەنی کۆمپانیای کەی ئیج گوتی: ماوەی زیاتر لە 10 ساڵە لەگەڵ کۆمپانیاکانی هۆڵەندا بۆ دابینکردنی بنەتۆوی پەتاتە بۆ جووتیارانی کوردستان کار دەکەین و هەروەها لەگەڵ کۆمپانیایەکی ترکە پەیوەستە بە ئامێرەکانی چاندن و هەڵگرتنەوەی پەتاتە، بەشداربوونی ئێمە لەم کۆنفرانسە گەیاندنی پەیامە بۆ هەموو کۆمپانیاکانی هۆڵەندی و کوردستان و ئێمە نموونەیەکی جوانین لەو ئەزموونە بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتان بەتایبەتی هۆڵەندا لە ساڵی 2009 وە توانیومانە ئاستی بەرهەمی پەتاتە بەرز بکەینەوە بۆ 350 هەزار تۆن لە ساڵی 2018دا.

دروستکردنی خۆراکی ناوقوتوو

دکتۆر دڵشاد سۆران گوتی: هەموو کۆنفرانسێک بایەخی خۆی هەیە بە تایبەتی کۆنفرانسی کشتوکاڵ و خۆراک کە بەشێکی گرنگی ژیانە و بناغەی دەستپێکردنی ئاوەدانکردن و گەشەپێدانی وڵاتە، هەر وڵاتێک پێشکەوتووبێت لە بواری کشتوکاڵ و خۆراک دەبێتە خاوەن ئابووریەکی بەهێز، بایەخدانیش بە بەرهەمی خۆمالی و دروستکردنی خۆراکی ناوقوتوو، کارێکی پیرۆزە و دواتر ناردنی بۆ دەرەوەی بازاڕەکانی جیهان، لە ئابووری بەهێز خاوەن حکوومەتێکی بەهێز و گەلێکی بەختەوەر بەدەست دەهێنین.

هۆڵەندا لەسەر ئاستی جیهان نموونەیەکی جوانە

سالح ئەحمەد سەعید خاوەنی کۆمپانیای دیر بۆ بازرگانی گوتی: ئێمە وەک جووتیارانی کوردستان زۆر سوودمەندبووین لە گفتوگۆی نێو کۆنفرانسەکە و ئەو پەیوەندیکردنەمان و ناسینی چەندین کۆمپانیای بیانی و کەسایەتی کە لەگەڵ خۆمان بیبینەوە بۆ جووتیاران بەڕاستی هۆڵەندا نموونەیەکی جوانە لەسەر ئاستی جیهان بۆ دابەشکردنی بنەتۆوی پەتاتە لە جیهاندا ئەمەش دڵخۆشی بوو بۆ جوتیارانی کوردستان.



ئیدریس بارزانی، هیوا و ئومێد لە رۆژانی سەختی خەباتدا

رێبوار حەمەلاو شوانی

ئیدریس بارزانی" ئەو سەرکردە ناسراوەی کوردستانە کە لە چەند قۆناغێکی گرنگی بزاڤی ئازادیخوازیی گەلەکەمان رۆڵی کارا و بەرهەمداری گێڕاوە و، بەو سیفات و ڕەفتارە جیاکارییانەی لە کەسایەتی و سەرکردەییەکەیدا هەیبوو توانی لە ژیان و خەباتیدا ئاستێکی نمونەیی بەرجەستە بکات، ئەم پێگە مێژوویییەش جگە لە فاکتەرە خودییەکانی ژیری و توانادارى خۆی ئەوا هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەروەردە کراوو دەرچووی ئەو قوتابخانە مەزنە بووە کە شێخ" عەبدولسەلامی" گەورە بەردی بناغەی بۆ داناوە و نەمرانی وەکو شێخ "ئەحمەد و مستەفا بارزانی نەمر" تیایدا قاڵبوونەتەوە و دڕێژەیان پێداوە، کە هەموو ژیانیان تەرخانی شۆڕش و ڕاپەڕین و ئامانجی رزگاریی و ئاسوودەیی گەلی کوردستاندا کردو لەم پێناوەدا ماندوو بوون لە فەرهەنگیاندا نەبووە.



ئەمڕۆ 32ساڵ بە سەر کۆچی دوایی شەهیدی سەرکردە (ئیدریس بارزانی)ـ تێدەپەڕێت .."ئیدریس" کوڕی ڕابەری مەزنی کورد "مستەفا بارزانی" نەمر لە ساڵی 1944لە گوندی "بارزان"ی مەڵبەندی خواپەرستی و کوردایەتی و بەرخودان لە دایکبووە، کوڕی ڕابەری مەزنی کورد "مستەفا بارزانی" نەمرە و لە نێو هەلومەرجی شۆڕشی سێهەمی بارزان 1943- 1945 و بارودۆخی ناڵۆزی ئەو کات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ڕووداوەکانی دوای جوانەمەرگ کردنی ئەو کۆمارە هاتۆتە دنیا و هەناسەی داوە و چاوەکانی پشکەوتوون.ساڵی 1947 "بارزانی نەمر" لەگەڵ 500 لە هەڤاڵانی کە لە ڕێڕەوێکی مێژووی دا تواونەتە داستانێکی گەورە لە مێژوودا تۆمار بکەن و وەک پێویستی و وەڵامدانەوەیەکی واقیعی ئەو کات خۆیان بگەیەنن یەکێتی سۆڤیەتی جاران، "ئیدریس بارزانی " ئەو کات تەمەنی 4ساڵان دەبێت، لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا دووچاری مشەختی و دەربەدەری دەکرێن و بە دەستبەسەری بۆ خواروو عێراق دوور دەخرێنەوە و لە لایەن رژێمی ئەو کاتی عێراق بۆ ماوەی 11ساڵ تووشی ژیانێکی پڕ ئەستەم دەبن لە شارەکانی بەسراو موسڵ و بەغدا.لەگەڵ ئازارو زەحمەتەکانی ژیان ئاوارەییدا دڕێژە بە خوێندن دەدات تا گەڕانەوە سەر بەرزانەکەی "بارزانی نەمر" بۆ عێراق و کوردستان پاش شۆڕشی 14ی تەمموزی ساڵی 1958کە ئەو کات کاک "ئیدریس بارزانی" لە شاری بەغدا خەریکی خوێندن دەبێت، دوای ئەو دابڕانە زۆرە بە دیداری" بارزانی "باوک و ڕابەر شاد دەبێت و دواتر دەگەڕێنەوە زێدی باوو باپیران لە خاکی کوردستان.

شەهید ئیدریس بارزانی ، ئازایەتی و چاونەترسی و تێکۆشەری و خوێندەواری و خاوەنی دڵێکی زۆر پاکی هەبوو ، (ئیدریس بارزانی) بەس بە تەنیا کورد نەبوو ، ئەو کاری بۆ مرۆڤایەتی دەکرد کوردپەروەر بەڵام مرۆڤدۆست بوو ، پێداگری لەسەر مافەکانی گەلی کورد دەکرد، بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەک دەیگوت دەبێت خۆمان گرفتەکانی خۆمان چارە بکەین، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ هیچ کەسێکی دیکە ببەین.دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئەو ڕۆڵی بالای بینی، مەفرەزە سەرەتاییەکانی ڕێک خستەوە و ناردنی بۆ پێشمەرگایەتیی شۆڕشی گوڵان، ئەو کوردپەروەر بوو.. ئەو سەرباری ئەوەی کوردپەروەر بوو، مرۆڤدۆست بوو، هەرکەسێک ڕووی لەو بکردبا دڕێغی نەدەکرد و هاوکاریی دەکرد. شەهید (ئیدریس بارزانی) مرۆڤناس بوو و دەیزانی چۆن دڵی خەڵک ڕابگرێت، چۆن گرفتەکان چارە بکات.

شەهید ئیدریس بارزانی" ئەو سەرکردە ناسراوەی کوردستانە کە لە چەند قۆناغێکی گرنگی بزاڤی ئازادیخوازیی گەلەکەمان رۆڵی کارا و بەرهەمداری گێڕاوە و، بەو جگە لە فاکتەرە خودییەکانی ژیری و توانادارى خۆی ئەوا هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەروەردە کراوو دەرچووی ئەو قوتابخانە مەزنە بووە کە شێخ" عەبدولسەلامی" گەورە بەردی بناغەی بۆ داناوە و نەمرانی وەکو شێخ "ئەحمەد و مستەفا بارزانی نەمر" تیایدا قاڵبوونەتەوە و دڕێژەیان پێداوە، کە هەموو ژیانیان تەرخانی شۆڕش و ڕاپەڕین و ئامانجی رزگاریی و ئاسوودەیی گەلی کوردستاندا کردو لەم پێناوەدا ماندوو بوون لە فەرهەنگیاندا نەبووە.

ئیدریس بارزانی، لە دروستکردنی بەرەی نیشتیمانی کە لەنێوان لایەنە کوردستانییەکان و عێراقییەکاندا دروست بوو، دەوری بالای هەبوو، جگە لەوە لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانیدا، لە ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتیدا دەوری بالای هەبوو.شەهید ئیدریس بارزانی نەک هەر بەتەنیا کە ئەندازیاری ئاشتی بوو، بەڵکو ڕۆحی کوردایەتی بوو، بۆ هەمووان فریادڕەسی ئاشتی بوو، ماندووبوونی نەبوو.،هەروەها دەوڕێکی بالایشی هەبوو لە نزیکبوونەوەی لایەنە عێراقی و کوردستانییەکان بەتایبەت لە بەرهەڵستکاریی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان لەوانە (سەددام) ، دەوری بالای هەبوو لە ئاشتەوایی نیشتیمانیدا، سەرپەرشتیی لایەنی سەربازی هێزی پێشمەرگەی دەکرد، لەهەمان کاتدا دەیزانی چۆن کاری دیپلۆماسی بکات، چۆن داوای مافی گەلی کورد بکات، ئەو ڕێکخەرێکی زۆر باشی هزری نەتەوەیی بوو، بە چوونی خەسارەتێکی گەورە بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبازی بارزانی

شەهید ئیدریس بارزانی گشتن تواناکانی ئەو بۆ ئاشتی و خەباتی کوردایەتی لە ئاستێکدا بوو کە نەیارەکانی پێی سەرسام بوون، لە هیچ مافێکی کورد سڵی نەکردووە، ئەندازیاری ئاشتی و پێکەوەژیان بوو، خاوەنی یەکێتی و یەکڕیزیی حزبەکان بوو . "کاک ئیدریس لە خێزانێک دروست بوو ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبوو لەسەر کەسایەتی، چونکە لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ و خەباتکاردا پەروەردە کرابوو، خانەوادەی شەهید (ئیدریس) وانەی نەتەوە و نیشتیمانی و کوردایەتی و پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی پەروەردە بووە، بۆیە کەسێکی کاریزمایی لێ دەرچوو، بەپێی بۆچوونی شارەزایان، هاوتەمەنەکان کاریگەریی زۆر دەخەنە سەر چینی خۆیان، بۆ ئەوکاتە کاک ئیدریس هەموو ئەو کەسانەی لێیەوە نزیک بوون و لە قوتابخانەکەی بوون، توانییان جێدەستی خۆیان لە داهاتووی کوردستان بچەسپێنن."

ئیدریس بارزانی کەسێک بوو بۆ هەموو شوێنە سەختەکان ئامادە بوو، لەگەڵ پێشمەرگە بوو خەباتی بۆ کوردایەتی بوو، زۆر کەسێکی ڕاشکاو بوو.. ئەو کاتەی (بارزانیی نەمر) لە ئەمەریکا بوو نەخۆش بوو، ئەو هەمیشە ئەو بارە قورسەی لەسەر شان بوو، لە لایەک نەخۆشکەوتنی (بارزانیی نەمر) لە لایک ڕێکخستنی ئاوارەکان لە لایەک ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە، باری سەرشانی (ئیدریس بارزانی) زۆر قورس بوو، ئەو ڕۆحی بەرخودان و کوردایەتی لەناو کادیران پەروەردە دەکرد.ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتی و پێکەوەژیان بوو، ڕاسپاردەی پێویستی دەدا بە جەماوەر لە دەنگی کوردستانەوە بۆ شۆڕش، بۆشایی زۆری دروست کرد. دەشڵێ "تایبەتمەندیی کەسایەتیی (ئیدریس بارزانی) تایبەت بوو، لەکاتی پێویست (ئیدریس بارزانی) تووند بوو، لەکاتی ئاشتیدا کەسێکی ئاشتیخواز بوو. خۆی دەبێت سەرکردە ئەم دوو مەرجەی تێدا بن، کە (کاک ئیدریس) سەرجەم ئەو تایبەتمەندیانەی تێدا بوو کە سەرکردەیەک هەیبوو."

ژیان و هەڵوێستەکانی شەهیدی هەمیشە لە یاد"ئیدریس بارزانی" پڕن لە نمونەی زیندووی وەفاداری بەرامبەر گەلەکەی و ڕێبازەکەی و دۆست و پێشمەرگە و هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی. سەرراستانە ژیاوە و دڵسۆزانە بە تەنگ هەرکەسێکەوە بووە کە پێداویستی و گرفتەکانیان ڕووبەڕووی ئەوکردۆتەوە و ئەوەی قابیلی دابینکردن و چارەسەر کردن بووبێت دڕێغی نەکردووە.مخابن ئەم کەسایەتییە ژیر و سیاسەتمەدارە سەر ڕاست و شۆڕشگێڕە هەڵکەوتووە زوو مەرگ لە گەل و نیشتمانەکەی دوور دەخاتەوە کە بوون و مانەوەی ئەو پێویستییەکی مێژوویی و نیشتمانی گرنگ دەبێ بەتایبەتی لەو هەلومەرجە هەستەوەر و ئالۆزەی ئەو کات کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان تێدابوو. ئەمساڵ لە کاتێدا یادی 32ساڵەی شەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانیی دەکەینەوە کە ناوچەکە و عێراق تێدەپەڕێت و لە سەروبەندی دامەزراندنی کابینەی نوێی حکومەتی کوردستانە و گشت نیگاکان و هیواکان لە سەر هەر دوو سەرکردە و میراتگری قوتابخانەی کوردایەتیی و بارزانیی ، بەڕێزان نێچیرڤان بارزانیی و مەسروور بارزانیی وەک سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت ی کوردستان هەڵچنراوە لە پێناو جێبەجێکردنی خزمەتگوزاری و بەرەو پێشڤەبردنی پرۆسەی گەشەسەندن و ئاوەدانی و پێشکەوتن لە گشت بوارەکاندا بەرەو کوردستانێکی بەهێز.

کۆچی ئیدریس و ئەرکی سەرۆک



سوورە مەرگەیی

دوای پیلانە نێودەوڵەتیەکەی جەزائیر و نەخۆش کەوتنی بارزانی نەمر و دواتر کۆچ کردنی، ئەرکی هەستانەوە و وڵامدانەوەی ئەو پیلانە نێودەوڵەتی و فرە جەمسەرە کەوتە سەرشانی کاک ئیدریس و سەرۆک مسعود بارزانی، ئەو دوو برایەش کە دوو گەنجی تێگەیشتوو لە کوردایەتی و پێگەیشتووی ناو قوتابخانەی ڕێبازی بارزانی نەمر بوون برایانە ئەو ئەرکەیان گرتە ئەستۆ، ئەوە لە کاتێکدا بوو زۆرێک لە بەرپرس و بڕیار بە دەستانی ئەوکاتی شۆڕش بە ڕاکردن لە بەرپرسیارێتی هەوڵیان دەدا شکستەکە بخەنە ئەستۆی بارزانی نەمر، بەشێکی تریشیان هەوڵیان دەدا لە کانیاوی ئەو شکستەدا جوانکاری سیاسی و شۆڕشگێڕی بۆ ڕابردووی پڕ لە خراپەکاری خۆیان بکەن و هەر بەو جوانکاریەوەش خۆیان نمایش بکەن، هەر چوار داگیرکارەکەی کوردستانیش لەسەر ئەوە کۆک و هاوڕا بوون کە شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە بازنەی ئەو شکستەدا گەمارۆ بدەن.

داگیرکارانی کوردستان و ئەو بەشەی کە لە بەرپرسیارێتی ڕایان دەکرد و ئەو بەشەش کە جوانکاریان بۆ خۆیان دەکرد، لە خاڵی دوور خستنەوەی مالباتی بارزانی نەمر لە شۆڕش و بەرخودان یەکتریان دەگرتەوە، بەڵام پێچەوانەی چاوەڕوانیەکان کاک ئیدریس و سەرۆک مسعود بارزانی بە شاندانە بەر بەرپرسیارێتی جیا لەوەی گەمارۆی هەر چوار داگیرکارەکەی کوردستانیان کردە پێخوستی شۆڕشگێڕی، چاوەڕوانی نەیارانی ناوخۆشیان کردە خەونێکی بەدی نەهاتوو و بە دۆست و دوژمنیشیان گوت: ئەوە ئێمەین خاوەنی بەرپرسیارێتی ڕاستەقینەی هەستانەوەی دوای شکست و جوانکاری ڕاستەقینەش بەردەوام بوونە لەسەر بەدیهێنانی خواست و ئامانجە نەتەوەییەکان.

هەر کەسێک بۆ تەنیا جارێک بە دیداری ئەو زاتە شۆڕشگێڕ و کوردپەروەرە گەیشتبێ و ئامۆژگاری و هەڵوێستە نەتەوەییەکانی بێنێتەوە پێش چاوی خۆی، دەزانێ کۆچی دوایی کاک ئیدریس لە ڕۆژی 31ی1ی 1987جیا لەوەی بۆشاییەکی گەورەی لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد جێهێشت، ئەرکی سەرۆک مسعود بارزانیشی کردە دوو بەرامبەر، بەڵام ئەگەر دوور لە سۆز و ڕقی سیاسی هەڵوێستە نەتەوەییەکانی سەرۆک مسعود بارزانی بە بێژینگی شۆڕشگێڕی و کوردپەروەریدا بکەین، دەگەینە ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرەی کە سەرۆک مسعود بارزانی بە پابەند بوونی بە ڕێبازی بارزانی نەمر، هەم توانی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە کۆچی دوایی کاک ئیدریس خستیە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، هەمیش ئەرکە دوولایەنیەکە سەرکەوتووانە ئەنجام بدات، بۆیە لە ساڵیادی کۆچی دوایی کاک ئیدریس دەڵێم: باشترین وەفا و ڕێز گرتن لە خەبات و ئامانجەکانی ئەو زاتە شۆڕشگێڕە، پابەند بوونە بە ڕێبازی بارزانی نەمر و هەڵوێستە نەتەوەییەکانی سەرۆک مسعود بارزانی.

شەهیدانی کارەساتی 1ی شوباتی 2004

شەهید سامی عەبدولرەحمان
شەهید سەعد عەبدوللا
شەهید شاخەوان عەباس
شەهید شەوکەت شێخ یەزدین
شەهید خەسرۆ شێرە
شەهید نەکرەم مەنتک
شەهید بەهرۆز قەشقە
شەهید دیدەوان
شەهید مەهدی خۆشناو
شەهید مەحمود هالۆ
شەهید نەحمەد رۆژبەیانی
شەهید بەکر جۆلا
شەهید عەمید نەریمان
شەهید قادر قەرەچوغ
شەهید نەوزاد رەجەب پۆتانی
شەهید وریا قادر
شەهید نەنوەر محەمەد
شەهید عەلی محەمەد برا
شەهید نیبراهیم حەمید
شەهید خەسرەو عوسمان
شەهید هۆکر رەقیب
شەهید ناسۆ معلیم
شەهید د.زەردەشت مەهدی خۆشناو
شەهید ماهر قەرەنی
شەهید خەبات شەریف
شەهید سەلاح سامی عەبدولرەحمان
شەهید خەسرۆ گەزنەیی
شەهید مەغدید حەمەد
شەهید عەبدولا سلێمان
شەهید حەسەن نەحمەد پیرە
شەهید بروا خەلیل هیدایەت
شەهید شوان حەمە سالح
شەهید جەعفەر عەبدولمەجید
شەهید کامەران عەبدولا سابیر
شەهید چوتیار عەبدولا
شەهید فەرهاد نەحمەد رواندزی
شەهید عەدنان حەلاق
شەهید فاتیح زراری
شەهید فەریق تۆفیق
شەهید یاران جوودەت نەحمەد ناجی
شەهید شەوکەت ئالکانی
شەهید جەلیل غەدر رەوەند
شەهید هاشم عەزیز
شەهید سەلام حسێن وەیسی
شەهید ئاسۆ سەلیم بلباس
شەهید ڕەزا حەمەد نەمین
شەهید حەسەن حسێن
شەهید کامەران محەمەد عومەر
شەهید عەزیز نەنوەر
شەهید باسم حەسەن نەحمەد
شەهید هاوار
شەهید زریان باسم حەسەن پیرە
شەهید حاجی لوقمان
شەهید مەلا نوعمان
شەهید خالید هیوا تاریق
شەهید کەیوب محەمەد
شەهید هیوا خەلیل مەولود
شەهید عەبدولستار کەریم
شەهید حیکمەت عەزیز (نەبەز)
شەهید دارا محەمەد حسێن جاف
شەهید هێدی جەبار
شەهید مەلا عەبدوللا پەلیتانی
شەهید جەمشید خورشید
شەهید سمکۆ کەریم
شەهید ئیسماعیل شێخ محەمەد
شەهید غەریب محەمەد
شەهید ئیدریس سنجاوی
شەهید هێمن حەمە سالح
شەهید حسێن حاجی مستەفا
شەهید سەفیر نادر
شەهید هۆکر فاروق
شەهید فواد جەوهەد
شەهید مەعروف عەبدولغەنی
شەهید حەسەن بانیمارانی
شەهید زرار عەبدولا مشکۆ
شەهید یاسین شێرۆ
شەهید مام موسلیح عەبدولا
شەهید جوتیار شەمسەدین
شەهید کانەبی عوسمان
شەهید عەبدولواحید مستەفا
شەهید محەمەد عەزیز (غنیخە)
شەهید شەمسەدین سلێمان
شەهید هەیسەم سۆلاقا
شەهید سەید محەمەد
شەهید سەلاح سەلیم سەیدۆک
شەهید حسێن نەحمەد مامە شێخ
شەهید ڕەزا حەمەد نەمین
شەهید ناسح سەلیم بلباس
شەهید مولازم محەمەد
شەهید ئارام سەباح حەیدەر
شەهید ماجید بیا توما
شەهید عەلی ڕەشید بەکر
شەهید عامر عەبدولا شەریف
شەهید یوسف مستەفا
شەهید شوان سەید کاکە
شەهید نەحمەد حاجی نۆغەرانی
شەهید تاریق ئیبراهیم
شەهید زامیر هۆرۆ نەسعەد

شەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانی رۆڵێکی گەورەی لە یەکڕیزی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کوردستاندا هەبوو



لە یادی 32 ساڵەی کۆچی دوایی سەرکردەی جوانەمەرگ ئیدریس بارزانی دا، ڕۆژی پێنجشەمە2019/1/31 لە هۆڵی بارەگای لقی11ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە رانیە بە ئامادەبوونی هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی11 دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لق کۆڕێکی بۆ کاروان جەوهەر مامۆستای زانکۆ لە بارەی ڕۆڵی سەرکردە ئیدریس بارزانی لە شۆڕش و بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستاندا ڕێکخست. کۆڕگێڕ لە کۆڕەکەیدا باسی لە ڕۆڵی گەورە و کاریگەری شەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانی لە شۆڕش و بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا کرد بەتایبەت خەبات و تێکۆشانی بۆ یەکڕیزی و تەبایی و ئاشتی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کوردستاندا، بە تایبەت لە سەردەمی سەرهەڵدانی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز و ڕۆڵی ئەو لە ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دامەزراندنی بەرەی کوردستانیدا، ئەو بەرەیەی کە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ سەرکەوتنی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئاداری 1991 و هاتنەکایەی ئەو ئەزموون و دەستکەوتانەی کە ئەمڕۆ کوردستان پێی گەیشتووە. کۆڕەکەش بە پرسیار و سەرنجی بەشێک لە ئامادەبووان دەوڵەمەندتر کرا.

لە بارەگای ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارێزگای هەولێر کێشەی خوێندارییی نێوان دوو بنەماڵە چارەسەر کرا



لە بارەگای ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر بە ئامادەبوونی کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر و ئەندامانی ئەنجوومەن و ریشسپی و پیاوماقوولّی هەردوو بنەماڵە، کێشەی خوێندارییی نێوان بنەماڵەی نورەدین سلێمان ئەحمەد و عەلی حەسەن مامەند چارەسەر کرا.
لە وتەیەکدا کاکەمین نەجار تەئکیدی لە گیانی پێکەوەژیان و یەکترقەبوولکردن کردەو رایگەیاند: دەبێ ئێمەی کورد گیانی پێکەوەبوون و چەسپاندنی برایەتی و پێکەوەژیانی ناکرێ لە گرفتی بچووک هانا بۆ چەک و تووندوتیژی ببەین لە بەر ئەوەی ئێمە وەک کورد نەیارانمان هەمیشە حەز دەکەن کورد خۆی خۆی بسڕێتەوە، بۆیە دەبێ هەموومان لەژێر ئالای کوردستان پێکەوە بە ئاسوودەیی بژین. دواتر هەردوولا بەڵێنیاندا کۆتایی بەم کێشە خوێندارییەی نێوانیان بێنن و داواکانیان لە داگا بکێشنەوە.

بەرپرسی لقی 24ی سەفین: خۆمان بە خزمەتکاری میللەت و بەتایبەت خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان دەزانین



لەدرێژەی سەردان و بەسەرکردنەوەکانیدا، هیوانحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و بەرپرسی لقی24ی سەفینی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەیاوەری کارگێڕانی لق و بەرپرسی ناوچەی باسرمە و کارگێڕانی ناوچەو ڕێکخراوەکانی سەر بە ناوچەی باسرمە، سەردانی گوندەکاندی بەردەگەر، مەدی، مەرزان، تەنگەبیر، جەمەسۆر، کبۆریان لە سنووری ناوچەی باسرمەدا کرد. لەسەردانەکەیدا بەرپرسی لق سەردانی چەند خانەوادەیەکی شەهیدی کرد و دووپاتی کردەوە کە خانەوادەی شەهیدان جێگای شانازیی ئێمەن و هەرگیز لەبیرتان ناکەین، ئێمە وەکو پارتی هەمیشە خۆمان بە خزمەتکاری میللەتی خۆمان و بەتایبەتر خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان دەزانین و شانازیشی پێدەکەین، مەبەستی سەردانەکانیشمان بۆ زیاتر پتەوکردنی پەیوەندییەکانمان و لەنزیکەوە ئاگاداربوونە لە ڕەوش و گوزەرانی ئێوە و ئەوەی لەتوانامان بێت درێخیتان بۆ ناکەین. هەر لە درێژەی سەردانەکەیدا بۆ ئەو سنووره بەرپرسی لق سەردانی چەند پێشمەرگەیەکی کۆن و کەسایەتیی سنووری باسرمەی کرد و پێیانی ڕاگەیاند کە خۆشحاڵ و سەربەرزین بەخزمەت ئێوە گەیشتووین و بەناوی خۆم و هەقاڵانم سوپاسی پێشوازیتان دەکەین. لەلایەن خۆشیانەوە ئەوخانەوادانەی کەسەردانیان کرا، سوپاس و پێزانینی خۆیان ئاراستەی بەرپرسی لق کرد و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیان بۆی خواست.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی: بەغدا ڕەزامەندیی 17% پشکی دەرمانی هەرێمی کوردستان پێشانداوە

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:
دکتۆر خالس قادر گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ڕوونیکردەوە: بەغدا ڕەزامەندی پێشانداوە بۆ ئەمسالی 2019 بە ڕێژەی 17% پشکی دەرمانی کوردستان ڕەوانە بکات، جگە لەو ڕێژەیەی کە لە پشکی هەرێمی کوردستان کە لە پڕۆژە یاسای بودجەی ئەمسالی 2019 کە بۆ کوردستان دیاریکراوە. هەروەها گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئاماژەی بە ڕێکەوتنە دوو قۆڵیەکەی نێوان هەردوو وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان و بەرە بودجەیەی کەبۆ کەرتی تەندروستی ئەمسالی 2019 لە عێراق دیاریکراوەو لە سالانی ڕابردووش ئەو بڕە دەرمانە بەکەمی دەهات وێڕای هەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی ئاواوارە لە کوردستان وا چاوەڕوان دەکرێ دوای ماوەیەکی دیکە ئەو ڕێکەوتنەی کە کردوومانە جێبەجێ بکرێت تا بڕی ئەو لە 17%یەی دەرمان بگاتە کوردستان.



ئەڵمانیا ڕەزامەندیی نیشانداوە 500 ڕزگاربووی دەستی داعش چارەسەربکات



کەسایەتییەکی ئێزدی دەڵێ، حکوومەتی ئەڵمانیا ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامەیەک بۆ چارەسەرکردنی ڕزگارکراوانی دەستی تیرۆریستانی داعش و، مانگی داهاتووش 60 ڕزگاربوو لە هەرێمی کوردستانەوە ڕەوانەی ئەو وڵاتە دەکرێن.
حکوومەتی ئەڵمانیا لە ماوەی ڕابردوودا بڕیاری دا کە 500 کەس لە منداڵ و کچ و ژنانی ئێزدی، ئەوانەی کە لە دەست تیرۆریستانی داعش ڕزگار کراون، لە ڕێگای بەرنامەیەکەوە لە وڵاتی ئەڵمانیا چارەسەر بکرێن.
لەو بارەیەوە، حەسەن قەوال، کەسایەتیی ئێزدی لە وڵاتی ئەڵمانیا، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، گوتی: لەلایەن سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی چەپی ئەڵمانیا لە پەرلەمانی هەرێمی برادنبۆرگ ئەندریا یوهلگە ئاگادار کراینەوە کە حکوومەتی ئەڵمانیا دوێنێ ڕەزامەندیی نیشان داوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی کە لە ماوەی ڕابردوودا بڕیاری لەسەر دابوو بۆ چارەسەرکردنی ڕەوشی ئەو ئێزدیانەی کە ڕزگار کراون لە دەستی داعش و ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەژین.
500 منداڵ و ژن و کچی ڕزگاربووی دەستی تیرۆریستانی داعش لە ئەڵمانیا. قەوال، لەبارەی کاتەکەشەوە ڕایگەیاند: ئەو بەرنامەیە لە مانگی ئاداردا دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە و سەرەتا 60 کەس لە ڕزگاربووان لە کۆنسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەولێر ڤیزایان پێ دەدرێت و ڕەوانە دەکرێن بۆ ئەڵمانیا، ئینجا دواتر ئەوانەی تریش کە ژمارەیان دەگاتە 500 کەس، بە وەجبە ڕەوانەی ئەڵمانیا دەکرێن.
ئەو کەسایەتییەی ئێزدییەکان لە وڵاتی ئەڵمانیا دەشڵێت: لە ئەڵمانیا ئەو کەسانە چارەسەری دەروونی و پزیشکی و هەر چارەسەرێکی تریان پێویست بێت بۆیان دەکرێت، بەڵام کاتی چارەسەرکردنەکانیان دیاری نەکراوە کە چەند ڕۆژ دەمێننەوە.

لوک لویلن: هەمی بزاڤا کەین کو کومپانییێن بەلجیکی ڕولێ خو د بزاڤا بازرگانی و ئابووری و ئاڤاکرنا کوردستانێدا ببینن

خەبات- دهوک: ڕوژا 1/30/ 2019 فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ پێشوازیا لوک لویلن سەروکێ ژورا بازرگانێ پارێزگەها فلاندەرزل یا بەلجیکی کر. دهەڤدیتنەکێ دا بەحسێ ڕەوشا بازرگانی و ئابوری یا هەرێما کوردستانێ ب بگشتی و پارێزگەها دهوکێ ب تایبەتی و چاوانیا خورتکرنا تێکەلییێن بازرگانی و ئابوری دناڤبەرا هەردوو پارێزگەهێن دهوک و فلاندەرزل یا بەلجیکی هاتە کرن. پارێزگەرێ دهوکێ داخاز کر کو کومپانییێن وەلاتێ بەلجیکا ڕول دپروژێن ئاڤاکرنا دەڤەرێ دا ببینن و تێکەلییێن بازرگانی و ئابوری دنافبەرا هەردو وەلاتا دا ب گشتی و پارێزگەها دهوک و فلاندەرزل دا ب تایبەتی پەیدا بن و خورت بن. ژلایێ خوڤە سەروکێ ژورا بازرگانی یا باژێرێ نافبری خوشحالیا خو دیار کر ب سەرهاتنێ و دیار کو ئەو دێ هەمی بزاڤا کەن کو کومپانییێن وەلاتێ وی و تایبەت بێنن باژێرێ وی ڕولێ خو دبزاڤا بازرگانی و ئابوری و ئاڤا کرنا کوردستانێ دا ببینن.

زاخو... گرتنا چوار کەسان ب تومەتا بازرگانیکرنێ ب شینواران



خەبات- زاخو: ڕێڤەبەریا پولیسێن زاخو گرتنا چوار کەسان ڕاگەهاند کو هەولددان بازرگانیێ ب شینواران بکەن ڕیڤەبەریا پولیسێن زاخو دیارکر کو دوو ژوان کەسان ئاکنجینە ل قەزا زاخو و دوو کەسێن دی خەلکێ دەڤەرا شەنگالن، وهەژمارەکا مەزن یا دراڤێن شینواری دگەل وان دا هاتیە گرتن کو هەولددان بازرگانییێ پێ بکەن. ڕیڤەبەریا پولیسێن زاخو ئاماژەکر کو ل گور یاسایا پاراستنا شینواران ئەو چوار کەس هاتنە دەستە سەرکرن و داپێدان ژی ب تاوانا خوە کرینە.

بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سۆران گرێبەستی مامۆستایان نوێ دەکاتەوە



بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سۆران ئاگاداری مامۆستایانی گرێبەست دەکاتەوە، بەمەبەستی نوێکردنەوەی گرێبەستەکانیان سەردانی بەشی یاسایی پەروەردەی سۆران بکەن.
مامۆستا عەزیز سەیعید، بەڕێوەبەری پەروەردەی سۆران، بە باسنیوزی ڕاگەیاند: بۆ کەمکردنەوەی کەمیی میلاکات، لە سنوری پەروەردەکەمان لە سالانی ڕابردوودا زیاتر لە 390 مامۆستا بە شێوەی گرێبەست دامەزراون، لەگەڵ ئەوەشدا سەدان مامۆستای وانەبێژمان داناون، بەمەش توانراوە تا ڕادەیەکی باش کەم و کۆڕپیەکانی میلاکاتی قوتابخانە و باخچەکانی منداڵان پڕ بکەینەوە و وانەکان بەسەرکەووتویی بوترێنەوە. بەڕێوەبەری پەروەردەی سۆران، گوتیشی: لە ئێستادا دەستمان کردووە بە نوێکردنەوەی گرێبەستی مامۆستایان، بەپێی چەند قوناغێک، بۆ ئەم مەبەستە داوا لە مامۆستایانی گرێبەست دەکەین، لە ڕۆژانی داهاتوودا سەردانی هۆبەی یاسایی دیوانی پەروەردەی سۆران بکەن، بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستەکانیان.

www.xebat.net
یەکشەممە 2019/2/3 ژمارە (5685)

سۆران... بە پێشانگایەکی فۆتۆگرافی ساڵیادی سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی بەرز ڕاگیرا



خەبات- محەمەد کوردە:

لە بیرەوەری 32مین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی سەرکردەی مەزنی گەلەکەمان کاکە ئیدریس بارزانی، کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممەی 31ی کانوونی دووەم، لە دەڤەری سۆران بە چاودێریی هێمن هەورامی سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان و بە هەماهەنگی لەگەڵ لقی سۆرانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حزبی و حکومی، هونەرمەندی فۆتۆگراف مەحمود هەولێری بە وێنە ئەرشیفیەکانی ساڵیادی ئیدریس بارزانی هەمیشە زیندووی بەرز ڕاگرت و ژیان و بە ڕخودان و سەروەریەکانی بە وێنەی فۆتۆگرافی لە چەند تابلۆیەکی وێنەیی نمایش کرد.

لەمبارەیەوە هەولێری لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند: شەرەفێکی گەورەیە بۆ من کە لەو یادە پڕ لە سۆزە ساڵوەگەڕی کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو بەرز ڕابگرم و وێنە ئەرشیفیەکانی ئەو سەرکردە مەزنە بخەمە ڕوو، پار ساڵیش وەک قوتابییەکی ئەو ڕێبازە پیرۆزە بە هەمان شێوە ئەو یادەم بەرز ڕاگرت و بەڵێن دەدەم تا لە ژیاندابم هەمو ساڵێک ئەو یادە بە بەرزیەوە ڕابگرم، چونکە بەڕاستی ئەو سەرکردە مەزنە زۆری بۆ کورد و کوردستان کرد و هەموو خەبات و بەرخودانەکەی هەمیشە بە زیندوویی لە بیر و هزرمان بە نەمری دەمێنێتەوە، بۆیە شایانی ئەوەیە هەموو ساڵێک بە جوانترین شێوە یادی بکرێتەوە.

پرسی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت و کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان تاوتوێ کرا



بەمەبەستی پیرۆزبایی لە 24مین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی کریکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە کوردستانیەکان و ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندییەکان، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی کریکاران و ڕەنجدەرانی کوردستانیان لە شاری هەولێر کردو لە لەلایەن باپیر کامەلا سکرتێری پارت و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی کریکاران و ڕنجدەران پێشوازی کران.

لە دیدارێکدا بەرپرسی پەیوەندییەکان بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی عێراقی دامەزراندنی ئاراستەی سکرتێرو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و کادیرو ئەندامانی پارتی کریکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان کرد، هەروەها هیوای خواست ئەم یادە هەنگاوێکی دیکە بێت بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناو پاراستن و پێشکەوتنی ئەزموونی دیموکراسی گەلی کوردستان، هەرلەم دیدارەدا باس لە پەیوندی و هەماهەنگی نێوان پارتی و پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکدەنگی و تەبایی سیاسی نێوان هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەم قۆناغە هەستیارەدا کەناوچەکە پێدا تێپەردەبێت کرا، هەروەها پرسی هەنگاوەکانی پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی کوردستان و گفتوگۆی لایەنەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر ئایندەی ژیانی خەڵکی کوردستان و پرۆسە سیاسیەکەی تەئکیدی لەسەر کرایەوە، هاوکات باس لەبەرپرسیارەتی مێژوویی نەتەوەیی و نیشتمانی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە گشتیەکان و خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان دوور لە بەرژەوەندیی حزبی لە پێناو سەرکەوتن بەسەر ئەم بارودۆخە کرایەوە.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

خانەوادەی مەلا سەرتیپ کاکەیی

بەدڵگرانیەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و کەسایەتی دیاری کاکەییمەلا سەرتیپ کاکەییمان پێگەیشت.

هاوبەشی خەمی خانەواده بەڕێزەکەتانین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو میران عەبدوڵڵا حاجی فەرەج

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی میران عەبدوڵڵا حاجی فەرەجی سوسێی- مان پێگەیشت.

بەم بۆنە خەمناکەوە هاوخەمی بۆ خانەواده تێکۆشەرەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و دۆست و خزمانی سوسێ دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

سوپاس و پێزانین

بناقێ بنەمالا خودێ ژێ رازی کەمال عبدالقادر گولەی پێشمەرگێ شورەشێن ئەیلول و گولان و سەرهلدانێ و خوبەخشێ شەرێ تیرورستێن داعش، سوپاسیا پارێزگەرێ دهۆکێ و نقێسینگەها جەنابێ وی و جێگرێن پارێزگەری و بەرپرسێ لقا 17 و تەمەر ڕەمەزان پارێزگەرێ دهۆکێ یێ بەرێ و دام و دەزگەهێن حزبی و حکومی و لەشکەری و دەزگەهێن ڕاگەهاندنێ و ریهسپی و ماقویلێن دەڤەرێ و دوست و هەڤال برادەرێن ڕەحمەتێ ل سنورێ پارێزگەهێن دهۆک، نەینەوا، هەولێر و کەسایەتییێن کورد ل باکور و ڕوژهەلات و ڕوژئاڤاییێن کوردستانێ دکەین.

هەروەسا سوپاسیا وان هەمو کەس و لایەنان دکەین یێن ب نامە و تێلەفونا ل ناڤ و ژدەرڤەی وەلاتی پشکداری د بەهیا مەدا کری، خودێ خێرا هەمو لایەکی بنقێسیست و خودێ جهێ ڕەحمەتی بکەتە بەهەشتا بەرین.

بنەمالا خودێ ژێ رازی

کەمال عەبدولقادر گولەی

ڕانیە... یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان 50 کادری دێرینی ڕێکخراوەکەی خەڵاتکرد



بە ئامادەبوونی هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی11ی پارتی دیموکراتی کوردستان و سکرتێرو ئەندامانی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە کادرانی دێرینی یەکێتی لاوان، ڕێورەسمێکی ڕێزلێنان بۆ زیاتر لە پەنجا کادری دێرینی یەکێتی لاوانی دەڤەری بیتوێن و پشدەر بەڕێوە چوو. جێی باسە ئەو چالاکیە لە لایەن ناوەندی باڵای ڕانیەی یەکێتی لاوان ڕێکخرابوو.

هەولێر... بە تێچووی پێنج ملیۆن دۆلار نەخۆشخانەی پێشمەرگە کرایەوە



خەبات- فاتیح بەرزنجی:

لە مەڕاسیمێکی شایستەدا بەئامادەبوونی سەربەست لەزگین بریکاری وەزارەتی پێشمەرگەو شێخ جەعفەر شێخ مستەفا فەرماندەی هێزەکانی حەفتاو کافێی وەزیری ناوخۆی هەرێمی ماکلینبۆرگ فۆرپۆمێرنی وڵاتی ئەڵمانیا و نوێنەری هاوپەیمانان و دکتۆر سامان بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێرو دکتۆر خاڵس ئەحمەد بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی لە وەزارەتی تەندروستی و ژمارەیەک لە ئەفسەری پلەدار، نەخۆشخانەی سەربازی پێشمەرگە لە هەولێر بە شێوەیەکی گشتی هێزەکانی ئەڵمانیا لە کوردستان کرا، پاشان ڕەزامەندی لەسەر وەرگیرا، ئەوەبوو وەزارەتی بەرگری ئەڵمانیا ئەو پڕۆژەیەی خستە بواری جێبەجێکردنەوەو لەدوای کارکردنی بەردەوام و هەوڵ و هیممەتی وەزارەتی بەرگری ئەڵمانیا بەماوەی چەندین مانگ نەخۆشخانەکە تەواوبوو. هەرلەو مەراسیمەدا سەربەست لەزگین بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە ڕوونیکردەوە: دروستکردنی ئەو نەخۆشخانەیە لە پێناو خزمەتکردنی زیاتری پێشمەرگەیەو خۆشحاڵین ئەمڕۆکە لەگەڵ ئێوە بەشداری لەوەرگرتنی باڵەخانەکە دەکەین و دەستخۆشی لە هێزەکانی ئەڵمانیا لە کوردستان دەکەین کە هەوڵی زوو تەواوکردنی ئەو نەخۆشخانەیە یان داو بەشونخوونی بەردەوامی ئێوە کارەکان زوو تەواوکرا دواتر باسی لەوەش کردو گوتی: کاری هێزەکانی ئەڵمانیاو گرنگیدان بەو پڕۆژەیە وایکرد کە هەرچی زووە پڕۆژەی نەخۆشخانەکە زوو تەواو بکرێت و سوپای ئەڵمانیا ئەرکی دروستکردن و دابین کردنی پێداویستی نەخۆشخانەکەی خستە ئەستۆی خۆی و سوپاسی حکومەت و گەلی ئەڵمانیای کرد کە بەردەوام هاوکاری و هەماهەنگی هێزەکانی پێشمەرگەیان کردووە لە چەندین بواردا وەک پێدانی چەک و تەقەمەنی لەکاتە هەستیارەکاندا، بەتایبەت لەکاتی شەڕی داعش و مەشق و ڕاهێنان بە هێزەکانی پێشمەرگە دواتر کافێی وەزیری ناوخۆی هەرێمی ماکلینبۆرگی ئەڵمانیا لە وتەیەکدا گوتی: ئێمە بۆیە لێرەین تا هاوکاری و هەماهەنگی گەلی کوردستان بکەین لە بەرەنگاربوونەوەی داعش، بەداخەوە لەو شەڕەدا قوربانیەکی زۆری دا، بۆیە سوپای ئەڵمانیا هەوڵی دا گرنگی تەواو بەو بوارەبدات، ئەوەتا توانیمان نەخۆشخانە بۆ پێشمەرگە بکەینەوە و کارێکی پر لە بایەخ و بونیاتنانەوەیە جگە لە مەشق پێکردن بە هێزەکانی پێشمەرگە هەولێماندا لە بواری بیناسازیشدا کار بکەین و تێچووی ئەو پڕۆژەیە گەیشتۆتە 5ملیۆن دۆلارو بڕیاریشە لە مانگی نیسانی ئەمساڵ بەتەواوی کارەکانی دیکەی تەواو بێت و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر پاڵپشتی تەواو لەو نەخۆشخانەیە دەکرێت بەدابین کردنی پزیشکی پسپۆڕو ڕاهێنانی کارمەندنی تەندروستی و داوو دەرمان و پێداویستی پزیشکی.

بانداێکی دزی لە کەلار خاوەن ماڵێک بۆ پارە دەکوژن

خەبات- سەبریە یوسف: پێرێ شەو لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، بانداێکی دزیکردن خاوەن ماڵێکیان بە چەقۆ کوشتووەو هەڵاتوون. لەوبارەوە، ڕائید عەلی جەمال، بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی پۆلیسی گەرمیان، بە خەباتی ڕاگەیاند: شەوی ڕابردوو لە گەڕەکی بەردەسووری کەلار، باندێک بە مەبەستی دزیکردن چوونەتە ماڵی هاووڵاتییەکەوە، سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەیان قۆڵبەست کردووە و بەچەقۆ پیاوی خاوەن ماڵیان کوشتووە و بڕێکی زۆری پارەشیان دزیوە و هەڵاتوون. وتیشی: ئێستا پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووەو گەڕان بەدوای ئەو بانده دەستی پێ کردووە. ئەو بەرپرسەی پۆلیسی گەرمیان ڕاشیگەیاند ئەوە یەکەم ڕوداوی لەو جۆرەیە لە سنوری گەرمیان لەماوەی ئەمساڵدا.

لیوا عەبدولخالق، وردەکاریی تەقەکردنەکەی گەڕەکی هەولێری نوێ دەخاتەڕوو



بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند، بۆ نەهێشتنی دیاردەی تەقەکردن و ئەو ڕووداوانەی بە چەک ئەنجام دەدرێن، پێویستە چەکەلگرتن قەدەغە بکرێت. دەشڵێ، ئەوانەی چەکداری حکوومەتن، پێویستە دوای دەوام چەکەکانیان بۆ ماڵەوە نەبەنەوە. لیوا عەبدولخالق تەڵعەت، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: کێشەی تەقەکردن لە گەڕەکی هەولێری نوێ، لە نێوان دوو بنەماڵەدا بوو، لەسەر ئەوەی یەکێک لەوانە پەرتووکێکی لەسەر هۆزێک دەرکردووە و ناوی ئەوانیشی تێنەکردووە، بۆیە ئەوانەی دیکەش بێزارکردنی خەڵکی هەولێر، ئەمەش لای ئێمە قبووڵکراو نییە. بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، هەروەها باسی لەوەش کرد، هۆکاری ئەو ڕووداوانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نزیکەی 60 هەزار چەکدار لە سنووری شاری هەولێر هەیە، بۆیە پێویستە دیاردەی چەکەلگرتن نەمێنێت. دەشڵێ: پێویستە ئەو کەسانەی چەکداری حکوومەتن و دەوام دەکەن، دوای دەوام چەکەکانیان لەگەڵ خۆیاندا نەبەنەوە ماڵەوە، ئەمەش دەبێتە هەنگاوێکی گرینگ بۆ بنبڕکردنی دیاردەی چەکەلگرتن، چونکە گەڕان لە ماڵان بە دوای چەکدا، زۆر زەحمەتە.

هیچ کەسێک زیانی بەرنەکەوتووە و ئێمەش ڕێگە نادەین هیچ کەسێک ئارامیی شار تێک بدات، چونکە ئەو تەقەکردنە دەبێتە هۆی نارەزایەتییان دەربڕیوە، هەر لەبەر ئەوە شەڕەتەقە ڕووی داوە و ئێمەش ئەو کەسانەمان دەستگیر کردووە. تەڵعەت گوتیشی: لەو شەڕەتەقەیەدا

هەولێر... 20 دەرمانخانە و نۆرینگە داخران



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:

لەچوارچێوەی کارو چالاکیەکانی لیژنەی بەدواداچوون و چاودێری دەرمان، بە سەرپەرشتی نەبەز عەبدولحەمید قایقامی قەزای ناوەندی هەولێر بە هاوکاری و هەماهەنگی نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراو سەر بە ئاژانسی پاراستن و هێزی تایبەت یەک و کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان و بەشی پۆلیسی شارەوانی توانرا پشکنین بۆ 28 دەرمانخانەو نۆرینگەی پزیشکی ئەنجام بدەن لە گەڕەکانی مەنتکاوەو مامزاوەو سەرکارێزو لەمیانەی ئەو بەسەرکردنەوەیەدا بەهۆی پابەندنەبوونیان بە ڕێنماییەکانی کوالیتی دەرمان 20 دەرمانخانەو نۆرینگەی پزیشکی داخران و دەستیش گیرا بەسەر بڕێکی زۆری دەرمانی بێ ستیکەرو قاچاغ و قەدەغەکراوو لێپرسینەوەی یاسایش لە بەرامبەر سەرپێچیکاران وەردەگیرێت.

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	HSE Audit and Assurance Advisor
Work Location	Erbil Office with frequent travel to Kurdistan field locations.
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

- Develop and maintain a risk based annual BU Assurance Plan plan approved by the GM Kurdistan
- Plan, conduct and prepare HSE related internal audits on DNO key processes as well those of key contractor organizations. This will include Contractor compliance with DNO' requirements as well as their own internal processes as the effect DNO operations.
- Support other business functions in the planning, execution and reporting of non-HSE related audits
- Ensure audit action items are documented in the Synergi software tool and follow-up the closure of these actions.
- Prepare and report on compliance with the BU Assurance Plan and action item closure status using agreed performance indicators.
- Provide training and coaching for national DNO HSE staff regarding audit and assurance processes by ensuring their active participation as audit team members.
- Work closely with the field and contractor management to improve HSE standards compliance on site.

Required Qualifications & Experience:

- 5-10 years international HSE experience, preferably oil and gas industry experience in project execution and projects environments.
- Lead Auditor qualifications - ISO 14001, ISO 45001/18001.
- Previous experience in a similar audit and assurance role.

Key Competencies:

- Internal auditing planning and execution.
- Sound understanding of HSE risks and controls for onshore project execution and production operations.
- Working knowledge of industry HSE standards
- Excellent English report writing and presentation skills
- A high level of computer literacy.

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Environmental and Waste Coach
Work Location	Tawke-Zakho
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

- Waste Management – develop the DNO KU WMS and implement across the organization including waste gathering, separation, transport and disposal according to DNO's waste management Standard and national legislation. Develop and deliver training programs with the Operations Environmental Advisor. Work with suppliers to look at ways of reducing the waste generated at site. Liaison with CSR and MNR to investigate disposal/ recycling of waste options within with local business community.
- Risk understanding and controls – works closely with the field supervisors to continually understand risks associated with waste management in field and agrees techniques to control emerging risks and issues with environmental and waste management.
- Inspections – Conducts inspection, according to agreed check sheets, of environmental controls in field including waste and water management.
- Sampling and reporting – develop sampling protocols and implement a monitoring program for water, soil and air in field according to international protocols and
- Contractor engagement – engages with contractors to ensure environmental controls are adhered to and assist contractors to rectify problems on site or with assistance from other line of functional persons when needed.
- Environmental Reporting – Develop an environmental reporting system to align with the MNR and address the requirements of the EIA monitoring requirements.

Required Qualifications & Experience:

- An internationally recognized degree or diploma is required in a science or engineering subject.
- ISO14001 auditor.
- Demonstrable IT skills.
- Minimum of 10 years relevant experience in environment and waste management in onshore oil and gas industry, including practical implementation of waste systems.
- Practical experience of pit remediation.
- Coaching and development of local staff and contractors.
- Dealing with regulatory authorities.
- Middle East/ Iraq/ Kurdistan experience.

Desirable Experience/ Qualifications:

- IEMA/ CIWM Full Membership

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Project Construction Scheduler
Work Location	Tawke-Zakho
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

- Expedite the submittal of the contractor's construction schedule as required under the contract.
- Review that the contract at award and the submitted contractor's schedules are aligned and that the scope is adequately covered, identifying any interfaces, battery limit gaps or overlaps with other contractors or stakeholders.
- Identify all major milestones in the contractor's schedule and establish interfaces between other projects, contractors and other departments, especially where there are impacts to maintenance or production.
- Together with the Project Manager, review and approve the construction schedule and establish the contract baseline.
- Prepare and agree a basis for contract progress measurement with the contractor and establish a method of reporting weekly progress. For minor contracts or where the contractor's capability is lacking, this task is to be completed by the Project Construction Scheduler.
- Expedite the contractor's schedule updates and progress reporting on a weekly basis, review, check and audit physical progress in the field for each sub-contract is matching with the reported progress.
- Update the Company master schedules in EPPM on a weekly basis with activity completion and progress percent complete.
- Co-ordinate with the Project Mangers the preparation of the site weekly construction progress report and issue to Management as per the reporting timetables.
- Assist with the substantiation of any Extension of Time claims from the Contractor.
- Assist with the analysis of contractual claims against the Company.
- Provide input into the risk assessment processes.
- Assist other departments, including Operations and Maintenance and where necessary provide training and guidance with scheduling techniques and P6 EPPM setup and operation.

Required Qualifications & Experience:

- More than 10 years' experience in detailed construction project scheduling within an Oil & Gas brownfields operating environment.
- Experience working for both the Construction Contractor and Client organizations in a site construction environment.
- Expert knowledge of using Oracle Primavera EPPM version 16+
- Expert knowledge of Earned Value progress measure tools and techniques.

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Senior Contracts Engineer
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Undertake and execute day-to-day operational contracting activities in support of DNO's drilling, production operations, and projects, in Kurdistan from start to finish. Develop, compilate and execute of pre-qualification exercises, draft contracting strategies, prepare invitation to tenders, facilitate tender openings and evaluation of tenders received, including detailed analysis of commercial and contractual qualifications and execution of contracts. Ensure all drilling, production and project materials and services requirements are procured at best price and delivery terms and in full compliance with DNO Procurement Procedures and PSC terms. Conduct contract management activities to ensure effective contracts administration and performance management of contracts.

Required Qualifications & Experience:

- Minimum 15+ years relevant oil & gas contracting experience, with at least 10+ years international working experience as senior contract engineer with IOC(s)
- Formulation and evaluation experience in a cross section of complex well engineering, production, construction and support contracts.
- Complete understanding of significant legal and commercial issues
- Demonstrable skills & experience in contract engineering, procurement, materials management & logistics for drilling, production & projects and facilities;
- HND preferably technical or BA / MBA or Quantity Surveying.
- Awareness of Best Practices in corporate and project supply chain procedures;
- Preference for CIPS or RICS (or equivalent) certification. Earned Value progress measure tools and techniques.

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

ون بوون

پسوولەی شارەوانی عەنکاوە ژمارەی پسوولە 0624191 بەرواری: 2/9/2018 بەبڕی 1015000 بەناوی رعد شمس الدین شێخۆ ون بووە هەرکەسێک دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای عسی محمد عسی جۆری ئۆتۆمبێل: حادیلە عجلە حدیدیە هلم ڕەنگ سوور+زەرد مۆدێل 1999 ژمارەی ئۆتۆمبێل: 101355 کاتی دهۆک ژمارەی شاسی: 42846 ون بووە هەرکەسێک دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی عنکاوە

ژمارە: 2018/182

ڕێکەوت: 31/1/2019

ئاگاداری

بۆ حنین خالد محمد لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە بەپێی ماددەی 27ی یاسای جێبەجێکردن بریاردرا لە ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی 15ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە ئامادەبێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی لەچۆلکردنی خانووی ژمارە 163/1م 5 عەنکاوە کە تۆمارە بەناوی خاوەن قەرز (ریفان عبدالاحد بطرس و راجان عبدالاحد بطرس) ئەگەر نە بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت بە چۆلکردنی خانوەکە.

جێبەجێکاری داد/ لیلی اکرم سعید

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر

ژمارە:6289/ 2013

ڕێکەوت: 30/1/2019

ئاگاداری

بۆ قەرزار (عذراء محمود سلطان) شوێنی نیشتەنی نادیار

لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی یا کاتی هەڵبژێردراوتان نییە بۆ پێ ڕاگەیاندنتان لەبەر ئەوەی بەپێی مادەی (27) ی یاسای جێبەجێکردنی بڕیار درا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ ئاگادار بکرێنەوە لەبەر ئەوە پێویستە لەسەرتان ئامادەبن لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە ماوەی (15) پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەمەبەستی بەشی قەرزار خەملاندنی (مولکی) 1394/1ک 64 طوبزاوە بەبڕی (4.200000) ملیۆن قرساوە بەپێچەوانەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە هەڵدەستێ بەفرۆشتنی مولکی ئاماژە پێ کراو.

جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزە

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارەی دۆسیە: 2018/1519

ڕێکەوت: 23/1/2019

ئاگاداری

بۆ/ حسین علی شریف

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بڕیە بەپێی ماددەی (27) لەیاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (15) ڕۆژ لەڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (متعب سامی سعید) کە بڕی (40.100.000) ملیۆن دینارە. ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزە

***

دادگای باری کەسی خەلیفان

ژمارە: 4/ش/2019

ڕێکەوت: 20/1/2019

جاردان

بۆ داوالێکراو: امین فیصل حسین/ شوێنی دانیشتنت نادیارە

ئەم دادگایە بریاری دا لە ڕۆژی 30/1/2019 لەداوای ژمارە 4/ش/2019 بەچەسپاندنی هاوسەرگیری داواکار و ڕەچەلەکی منداڵەکانی (اثبات الزواج والنسب) بەداوالێکراو (امین فیصل حسین) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندی جۆنەڕەی سنوری (ناحیەی خەلیفان) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت رابگەیەنرێت لەڕێی دوو ڕۆژنامەی ناوەخۆی وە تۆش مافی پێداچوونەوە و ناڕەزایت هەیە لەماوەی یاسایی دا وە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنەپێ وەردەگرێت بەپێی یاسا.

داوەر/ گۆران عبدالخالق عبدالقادر

***

وەزارەتی ناوخۆ

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس

بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی تاوانی هەرێم/ژمێریاری

ژمارە: 838

ڕێکەوت: 31/1/2019

ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی یەکەمان هەڵدەستێت بەبەکڕێدانی کابینەیەک تایبەت بەکڕێی کردنی ناسنامە و مامەلەی هاوڵاتیان هەرکەسێک ئارەزووی هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیمان بکات بۆ دانانی بارمتە (تأمینات)ی یاسایی، کرێگرتە و پارەی بانگکردن و بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی.

ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر

***

ئاگاداری دووەم

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (400)م 2لە پارچە زەوی ژمارە (2/6) ک (10) سوێری لەپشت ڕێگای گشتی هەولێر- گوێر/ کارگەی غاز، بەمەبەستی دروست کردنی کۆگا بۆ ماوەی (25) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی 32ساڵی 1986 هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (5) ی ساڵی 1986جا هەر کەسێک ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (15) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (10) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێک بارمتەی یاسایی (20٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

د. کمال طیب قادر

بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە:4/ت/2019

ڕێکەوت: 31/1/2019

جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (131181/هەولێر بارهەلگر) جۆری (تویوتا هایلوکس) مۆدێل (2012) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (اسماعیل طاهر اسماعیل) لە ڕۆژی (6/3/2019) کاتژمێر (12) نیوەڕۆ جا هەر کەسێک دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (10%) لەگەڵ خۆی بهێنێت، ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (20000000بیست ملیۆن دینار).

دادوەری یەکەم / دیار محمد علی

***

دادگای بەرایی هەولێر/4

ژمارە: 193/استملاک/ب4/2015

ڕێکەوت:31/1/2019

جاردان

بۆ/ مستملک منە/ علی رضا حسین

مستملک سەرۆکی شارەوانی هەولێر سەرەڕای کارەکەی داوای ژمارە 193/استملاک/ب4/2015 لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر میراتگرانی (محمود شکری عبدالفتاح وە مکیە عزیز درویش وە تحسین شریف یونس وە محمد زیوەر وە محمد ضیاء وە کمال شریف) بەمەبەستی خۆمالێکردنی مولکی ژمارە 3/144ک تعجیل اسلام لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە پاڵپشت بەپێی مادەی 11لە یاسای استملاک ئەم دادگایە بریاریدا بە پێراگەیاندنت بەڕێگای یەک ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبونت لەبەردەم دادگا لە بەرواری 13/2/2019بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێ.

دادوەر/ قباد شێرزاد نوری

***

دادگای بەرایی هەولێر/3

ژمارە: 115/ب3/2019

ڕێکەوت: 31/1/2019

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (طلعت محمود چراغ)

داواکار (نازەنین مولود شریف) داوای ژمارە (115/ب3/2019) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (طلعت محمود چراغ) وە لەبەر ئەوەی شوێنی بنکەی سەرەکی نادیارە بەپێی اشعار مختاری گەرەکی راستی بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بەپێراگەیاندن لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی پێراگەیاندنی وە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی 18/2/2019کات 9بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجامدەدرێت دەرحەقت.

دادوەر/ قباد شێرزاد نوری

***

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی

دادگای بەرایی دوکان

ژمارە: 60/ب/ 2018

ڕۆژ: 29/1/2019

ئاگاداری

داواکار/ کمال عبدالرحمن صالح

داوالەسەرکراو/ طه حمه احمد -شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە

بۆ داوالەسەرکراو(طه حمه احمد) داواکار ئامازەبۆکراوی سەرەوە داوای ژمارە (60/ب/2018) لەم دادگایە تۆماری کردووە لەسەرت کە تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی تۆماری (ابطال القید) هەردوو پارچە زەوی ژمارە (2854/20) و (2856/20) کەرتی (43) دوکان دەکات کە تۆ هەستاویت بە فرۆشتن و تۆمارکردنی هەردوو زەوی ئامازەبۆکراو کە بەپێی بریکارنامەیەک لەلایەن پارێزەر (ناز بشیر رشید) بۆت کراوەتەوە کەمن پارێزەری ناوبراوم ئاگادارکردۆتەوە کە (تجارب المصالح)م لەگەڵ تۆدا هەیە و هیچ مامەڵەیەک لەگەڵ تۆ نەکات وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دادگا بریادیدا بە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەڕێگەی (2) دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە خۆت یاخود بریکار لە بەرواری دادبینی ڕۆژی (3/3/2019) کاتژمێر (10) ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە داواکە دەبینرێت بەنائامادەی بەپێی یاسا.

دادوەر/ محسن صالح محمود

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە/ 50/ش/ 2019

ڕێکەوتی/ 2019 / 1 / 29

ڕاگەهاندن

بو / داوالێکراو: برهان زنگنه

ل دیف داخوازیا داواکار (نارین جمال درویش) وکێشا ژمارە (50/ش/ 2019) تێدا داخوازا دانا خەرجی دکت ژتە بو خو و بو زاروکێ خو یێ ناکام (بهمن) ژدایک بویێ 20/3/2008و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن (زاخو) یا ژمارە (257) ل (2019/ 22/1) ونڤیسارا بەڕێزاریّ تاخێ (صلاح الدین /1) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل ڕۆژا (2019 /2/ 10) ل دەمژمێر (9) سپێدێ یان بڕیکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەرۆڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .

دادوەر / یوسف الیاس سدن

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / 51/ش/ 2019

ڕێکەوتی / 2019 / 1 / 29

ڕاگەهاندن

بو / داوالێکراو: برهان زنگنه

ل دیف داخوازا داواکار(نارین جمال درویش) وکێشا ژمارە (51/ش/ 2019) کو تێدا داخوازا ژیکڤەبون (التفریق) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن (زاخو) یا ژمارە (257) ل (2019/ 22/1) ونڤیسارا هەلبژاریّ تاخا (صلاح الدین /1) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل ڕۆژا (/2/ 10 2019) ل دەمژمێر (9) سپێدێ یان بڕیکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەرۆڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .

دادوەر/ یوسف الیاس سدن

***

ئاگاداری

بۆ گشت لایەن و کەسایەتییە پەیوەندیدارەکان من پارێزەر (اسرین جمال نصرالدین) کە بەپێی کۆنووسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی کۆمپانیای لۆگۆ بۆ بازرگانی گشتی و دیزاین و چاپەمەنی/ سنوردار کە لە ڕۆژی 14/12/2018دا ئەنجام دراوە بریاریان داوە بەدانانم وەک پاکتاوکاری کۆمپانیاکەیان بۆیە ئاگادارتان دەکەینەوە کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێک پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان نوسینگەی کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە ئەوا لە ماوەی 15پانزە ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلای کردنەوە...

پاکتاوکار

پارێزەر/ اسرین جمال نصرالدین

07702272619

***

پارێزگەها دهۆکێ

کارگێریا خوجهی/ ڕێڤەبەریا گرێبەستان

ژمارە: 178

ڕێکەفت: 27/1/2019

ئاگەهداری

پاریزگەها دهۆکێ/ کارگێریا خوجهی ڕادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیک کێم کرنەکا نهێنی بو پرۆژێ (ڤەگوهاستن و دانان و بارکرنا برنجێ پسولا ئاهێن خوارنێ بێن هەیڤانە بو کومپانیا گشتی یا بازرگانی دانەویلە ل دهۆکێ) بو کۆمپانیای گشتی یا بازرگانیا ئاهێت خارنێ دهۆکێ (1) CODEبهایێ تەندەری 300سێ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن تایبەت مەند د بواری ڤەگوهاستنا ئاهێت خارنێ دا.

ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکدارێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دیاهیک ژڤان بو فروتنا تەندەران 7/2/2019

بو زانین سەرئیک کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:

- ڕۆژ (ئێک شەمبی)
- ڕێکەفتی (10/2/2019)
- دەم ژمێر (12نیڤرو)
- جـ: دیوانا پارێزگەهێ

عثمان یونس عثمان

جێگرێ پارێزگاری دهۆکێ

تێبینی:

- ئەو کۆمپانیا کار بو دکەڤێت دێ بهایێ ئاگەهداریێ دەت.
- تأمیناتێن دەستپێکی ب شێوێ چەکەکێ باوەرپێکری یان نڤیسارەکا دابینکرنێ (خطاب ضمان) ژ بانقێ ب کوژمێ 45.000.000دینار دگەل زەرفی پێشکێش بکەت.
- پارێزگە پێگیر نینە ب ڕەوانەکرنا بو کێمترین کوژم

***

پارێزگەها دهۆکێ

کارگێریا خوجهی/ ڕێڤەبەریا گرێبەستان

ژمارە: 208

ڕێکەفت: 30/1/2019

ئاگەهداری

پاریزگەها دهۆکێ/ کارگێریا خوجهی ڕادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیک کێم کرنەکا نهێنی بو پرۆژێ (ڤەگوهاستن و ئامادەکرنا پالدانا ئاڤێ ب ترومپا ل چەم بەرەکات) (3) CODE بهایێ تەندەری 100.000سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن تایبەت مەند د ڤی بواری دا.

ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دیاهیک ژڤان بو فروتنا تەندەران 7/2/2019

بو زانین سەرئیک کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:

- ڕۆژ (ئێک شەمبی)
- ڕێکەفتی ((10/2/2019
- -دەم ژمێر (12نیڤرو)
- جـ: دیوانا پارێزگەهێ

عثمان یونس عثمان

جێگرێ پارێزگاری دهۆکێ

تێبینی:

- ئەو کۆمپانیا کار بو دکەڤێت دێ بهایێ ئاگەهداریێ دەت.
- تأمیناتێن دەستپێکی ب شێوێ چەکەکێ باوەرپێکری یان نڤیسارەکا دابینکرنێ (خطاب ضمان) ژ بانقێ ب کوژمێ 10.000 دولار دگەل زەرفی پێشکێش بکەت.
- پارێزگە پێگیر نینە ب ڕەوانەکرنا بو کێمترین کوژم

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: 717

ڕێکەوت: 30/1/2019

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا تاک

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (علی عولا کاکە) بۆ (بازرگانی گشتی و هێنان و بردن/ تاک) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی 177لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (21) ساڵی 1997 هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (160) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (21) ساڵی 1997ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەروار: 29/1/2019

ئاراس ڕۆوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی

کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Completions Supervisor

LOCATION: Field

JOB SUMMARY: Will be in charge for supervises workover and completion operations of all kind of wells and coil tubing/snubbing/stick pipe drillouts. The Completions Consultant oversees the Operator's completion plan, handling various aspects of workover/completions engineering assignments and assisting in preparing completion, testing and workover procedures

KEY RESPONSIBILITIES

- Follow safe operating practices and ensure compliance with environmental, safety and regulatory requirements.
- Assist in the engineering design of all completion programs; prepare completion, testing and workover procedures.
- Monitor all AFE's for well work, run economic backup and justification calculations for AFE submittals, and monitor expenditures against AFE amounts.
- Provide support to engineering team on a variety of subjects, including completion designs, workover and fishing jobs, and production facility modifications

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Bachelor's degree in Engineering
- Minimum of 5 years' experience as a Completions Supervisor
- Significant exposure to additional areas of completion operations, including wireline, fishing, pressure pumping, TCP, pump-down operations, etc.
- Familiarity with OSHA and EPA Health & Safety Regulations
- Must possess excellent communication, teamwork, planning, and organizing skills;

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

بەر لە کردنەوەی نەخۆشخانەی پسپۆڕی سەنتەری دڵ

ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە نەشتەرگەری دڵ هەبوو سەردانی دەرەوەی وڵاتیان دەکرد



ڕاپۆرتی/ فاتیح بەرزنجی

بەگوتەی دکتۆر "د. کامیل نامیق" پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشیەکانی هەناو و دڵ و (بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی پسپۆڕی نەشتەرگەری سەنتەری دڵ)، ئەو سەنتەرە لەساڵی 2007ەوە توانیویەتی هەزاران کەس لەمردن رزگار بکات بەهۆی ئەنجامدانی نەشتەرگەری دڵ و تاکە سەنتەرە لەسنووری هەولێر، نەخۆشانی شارەکانی دیکەی عێراقیش سەردانی دەکەن بۆ چارەسەرکردن و ئەنجامدانی (قەستەرەو بالۆن) و نەخۆشانی کوردستان و عەرەبیش سوودێکی بەرچاویان لەو سەنتەرە وەرگرتووە.

نزیکەی 15پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری دڵ لەو سەنتەرە شەوو ڕۆژ لەخزمەتی هاووڵاتیاندانەو ڕۆژانە (5-6) نەشتەرگەری ئەنجامددرێت، ئەو پزیشکانەی کەلەسەنتەرەکەدا کاردەکەن و نەشتەرگەری (دڵ و قەستەرە و بالۆن) ئەنجامددەن بەشداریان لە مەشق و ڕاهێنان کردووە لە دەرەوەی وڵات و سێ پزیشکی پسپۆڕی دڵ لەوڵاتی ئەڵمانیا گەڕانەوە و لەسەنتەرەکە دامەزراون و دوو لەو پزیشکانە شەبەکەو بالۆن دەکەن، کە یەکێکیان نەشتەرگەری، کاری ئەنجامدانی نەشتەرگەری کارێکی وا ئاسان نییە و کارەکانیان زەحمەت و ماندووبوونە، جاران نەخۆشانی دڵ بۆ ئەو نەشتەرگەریە سەردانی ولاتانی دەرەوەیان دەکرد، لەبەر نەبوونی نەخۆشخانەی لەمجۆرەی سەنتەری دڵ، دەربارەی گرنگترین کارەکانیان و زیاد بوونی جەڵتەی دڵ وەک ڕۆژنامەی خەبات سەردانی (نەخۆشخانەی سەنتەری دڵ) مان کرد.


زیادبوونی جەڵتەی دڵ بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە

دکتۆر "کامیل نامیق" بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: لەماوەی چەندین ساڵ بەسەرکردنەوەی ئەو سەنتەرە و شارەزایی پزیشکانی خۆمان لەکوردستان، (نەشتەرگەری دڵ و قەستەرە و بالۆن) لەشاری هەولێر و لەنەخۆشخانەی سەنتەری دڵ بەسەرکەوتوویی ئەنجامددرێت، دوای ئەوەی کە ژمارەیەک پزیشکی کوردستان لە دەرەوەی وڵات مەشق و ڕاهێنانیان کرد و شارەزاییەکی تەواویان لەو بوارە وەرگرتووە، ئێستابەهەرزانترین نرخ لەچاو نرخی نەخۆشخانەی ئەهلی و کەرتی تایبەت لە سەنتەری دڵ (نەشتەرگەری دڵ و قەستەرە و بالۆن) ئەنجامددرێت و ڕۆژانە بەبەردەوامی لەو سەنتەرە (5-6) نەشتەرگەری ئەنجامددرێت



بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی سەنتەری دڵ: ئەو سەنتەرە تاکە سەنتەرە کە توانیویەتی زۆرترین نەشتەرگەری دڵ ئەنجام بدات





جگەلەئەنجامدانی (25-30 شەبەکەو بالۆن و قەستەرە) دەکرێ، بەپێی ئەو ئامارەی کەتۆمارکراوە ساڵی پار (954) نەشتەرگەری دڵ ئەنجامدراوە و دوو لەو نەشتەرگەریانە نەشتەرگەری گەورە و دەگمەن بوون، وەک ئەو نەشتەرگەریەی کە بۆ منداڵێک ئەنجامدرابوو کەبۆیەکەمجارە ئەو جۆرە نەشتەرگەریە بەهاوکاری تیمێکی وڵاتی هیندستان بوو، نزیکەی هەشت کاتژمێری خایاند و بەسەرکەوتوویی کۆتاییهات، لەبەر زۆری ژمارەی نەخۆشان و بچووکی نەخۆشخانەکە و زۆری سەردانیکردنی خزم و کەس و کاری نەخۆش هەراسان بووین، پێویستە کەس و کاری نەخۆش هاوکاریمان بکەن، ئەویش بەکەمکردنەوەی سەردانیکردنی نەخۆش و چەندین جار تەختەی خەوتنی نەخۆشان لەلایەن کەس و کاری نەخۆشەوە شکاوە، بۆ ئەووی نەخۆشخانەکەش گەورەتر بکەین هەوڵماندا پارچە زەویەکی تەنیشت نەخۆشخانەکەمان وەربگرین، تانەخۆشخانەکە فراوانتر بکەین، بەسوپاسەوە لەلایەن ڕێزدار "نێچیرڤان بارزانی" سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی وەرگیرا تا بالەخانەکە دروستبکرێت، جگەلەوەش لەگەڵ بالەخانەکەش بڕیارە دوو ئامێری قەستەرەی تازە دابینبکرێت و ڕەزامەندی بۆ ئەو ئامێرانە وەرگیراوە و بودجەشی بۆ دابینکراوە، پەنا بەخوا لەماوەی یەک ساڵدا بالەخانەکە تەواو دەبێت، لەو حاڵەتەشدا دەتوانین(45 قاوشی خەوتنی نەخۆش) بکەینەوە، لەئێستادا نزیکەی 110تەختی نەخۆشمان هەیە، دوای فراوانکردنی دەبێتە(200تەختی نەخۆش).

دواتر دەربارەی زیادبوونی جەڵتەی دڵ (بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی سەنتەری دڵ) گوتی:چەندین هۆکار هەیە بۆ جەڵتەی دڵ وەک (وەرزش نەکردن و نەجووڵان و خواردنی فاست فود و خێرا) لەهەمووی گرنگتر کێشانی (نێرگەلەو جگەرە) لەلایەن تۆێژی گەنجانەوە و ڕۆژانە ژمارەیەک لە گەنجان سەردانیمان دەکەن و باس لەکێشانی نێرگەلە و جگەرە دەکەن و دەڵێن ڕۆژانە (3-4) جار نێگەلەو (2-3 پاکەت جگەرەش دەکێشم، کە ئەو گەنجانەش تەمەنیان لە نێوان (20-25) ساڵانن و لەو تەمەنە کورتەی ژیانیاندا تووشی جەڵتەی دڵ دەبن، بۆیە پێویستە بەزوویی ئەو شتانە واز لێبهێنن، بۆئەوەی خۆیان لە جەڵتەی دوور بخەنەوە، پێویستە ئەو گەنجانە ئەو ڕاستیە بزانن کە (نێرگەلە) جگە لە خراپی تووشی جۆرەها نەخۆشیت دەکات، بەتایبەتی ئەو کەسانەی لە گازینۆکان نێرگەلە دەکێشن تووشی (نەخۆشی سیل و نەخۆشی سینگ) دەبن، داوایان لێدەکەین کە تازووە دوور بکەونەوە لە کێشانی نێرگەلە و جگەرە، هەقوایە وەزارەتی تەندروستی بەهاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان یاسایەک دابنرێت بۆ نێرگەلەی نێو گازینۆکان، تا سنووردێکی بۆ دابنرێت و ئەو شوێنانە لە ژێر چاودێری لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە دابن.

نرخەکان لەچاو نرخی نەخۆشخانە ئەهلیەکان گران نییە

دواتر دکتۆر "کامیل نامیق"گوتی: لەسەنتەری دڵ نرخی نەشتەرگەریەکان گران نین لەچاو نرخی نەخۆشخانە ئەهلیەکان، ئەو بڕە پارەیەی کە وەریدەگرین لە نەخۆشان، نرخەکەی زۆر هەزانترە و بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری دڵ نزیکەی (3) ملیۆن دینارە و لەنەخۆشخانە ئەهلیەکان نرخەکە یەکجار گرانترە، لە ئەنجامدانی قەستەرە (300) هەزار دینارو نرخەکە لە دەرەوەی سەنتەرەکە بە(60-70) وەرەقەیە، بۆیە نرخەکان لە ئەنجامدانی نەشتەرگەری دڵ بۆ منداڵان لەسەر ئەکی (مەکتەبی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان) نەشتەرگەریەکان ئەنجامددەن.

کاسبە و نابێ ڕێگای لێ بگیرێ..!

ئەم ئۆتۆمبێلانە بە ئارەزووی خۆیان ژیانی خەڵک و خۆیشیان دەخەنە مەترسییەوە

فۆتۆ: دنیا دڵشاد

چونکە دەیەوێ بژێوی ژیانی خۆی دابین بکات، نابێ ڕێگای لێ بگیرێ، ئەوە ئەو ڕستەیە کە زۆرجار وەک پاساو بۆ سەرپێچی و لادان و خستنە ژێر مەترسی ژیانی خۆی و خەڵکێک، کە هیچ تاوانێکی نییە و بەزۆر دەبێ باجی هەڵە و هەڵپەرستی ئەو بدات.

ئەم بارهەڵگرانە کە زۆرجار لە ناوشار و لە ڕێگا دەرکییەکان دەبیندرێن، زۆرینەیان ئاسن و ئۆتۆمبێلی لەکارکەوتوو و ئەو کەلوپەلانەیان هەڵگرتووە کە کێشیان قوورسە، بەشێکی هەرەزۆری ئەو بارهەڵگرانە بەبێ هیچ مەرجێکی سەلامەتی و بە بۆدییەکی شکاوەوە ئیش دەکەن، لەهەر چرکەیەکدا ئەگەری وەرگەڕان یاخود کەوتنەخوارەوەی دەیان تۆن ئاسنیان هەیە، ئەوەیش مەترسییەکی جدییە لەسەر ژیانی ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەتەنیشت یاخود لە پشتیانەوە دەڕۆن، بەڵام تا ئێستا کەس ڕێگای لێ نەگرتوون و کەسیش لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکردوون.

ئەم دیاردەیە لە هەر وڵاتێکی دیکە بێت لێپرسینەوەی توند لەگەڵ سەرپێچیکارەکان دەکرا، بەڵام ڕۆژانە ئەم ئۆتۆمبێلانە بە ئارەزووی خۆیان ژیانی خەڵک و خۆیشیان دەخەنە مەترسییەوە و هیچ لایەنێکیش لێیان نایەتەدەنگ..!



www.xebat.net
یەک شەمە 2019/2/3 ژمارە (5685)
خەبات

ئایا زانکۆ بۆتە مەڵبەندێکی زانستی ڕۆشنیری بۆ پێگەیاندنی تاکی بەسوود بۆ کۆمەڵگا؟


قوتابیەک: مەلزەمە وا لەقوتابی زانکۆ دەکات ئاستی زانستی بۆ چوار تا پێنج پەڕە کورت بکاتەوە

قوتابیان زانکۆ وەک شوێنێک بەکاردەهێنن بۆ ڕێکلامی جل و بەرگ و ئۆتۆمبێل و چەندەها شتی مایە پووچ کە کاریگەری نەرێنیان هەیە بۆ کۆمەڵگا

خەبات: تریفە ئازاد

زانکۆ وەکو دامەزراوەیەکی مەعریفی لە هەموو وڵاتانی جیهان دێتە پێناساندن لەو ڕوانگەوەی کە زانکۆ مەڵبەندی پێگەیاندن و خاڵی گۆڕانکار و وەرچەرخانی هەموو کۆمەڵگایەکە بۆیە تاک بە شێوەیەکی گشتی لە زانکۆوە دەکرێت گۆڕانکاری بە خۆیەوە ببینێ .


پیرباڵ یاسین


مهاباد مزوری


قوتابیەک: یاساکانی زانکۆ پشتگوێ خراون کە لە کۆنترۆڵی مامۆستایان دەرچووە و ناتوانن ئەم دیاردە نەرێنیانە بنبڕ بکەن و تاکێکی نموونەیی بۆ کۆمەڵگا پەروەردە بکەن


ڕێکان عەلی


سەحەر حسێن

زانکۆ کلیلی فێر بوونە

دێکان محەمەد قوتابی زانکۆ بەشی ڕاگەیاندن لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات وتی:دوو هۆکار هەیە یەکەم:نزمی ئاستی ئەو وانانەی کەلەزانکۆ دەخوێندرێت کە دەکرێتەمەلزەمە ، کەمن زۆردژی مەلزەمەم والەقوتابی دەکات ئاستی زانینی بۆ چوارتاپێنج پەڕە کورت بکاتەوە و پشت بەخوێندنەوەی کتێب وسەرچاوەی تر نەبەستێت. ، وەهەروەها ووتنەوەی وانەکان لەلایەن مامۆستایەک کەپسپۆڕی نییە و بەتەکمیلە دێت وانەدەڵێتەوە ، من خۆم یەکێکم لەوقوتابیانەی کە لەوجۆرەمامۆستایانەم هەبوو گلەیی زۆرم لێی هەبوو. کەئەمەش وادەکات ماموستانەتوانێ بابەتەکە بەجوانی و ڕوونی بگەیەنێتەقوتابی.

دووەم: بەگشتی زانکۆ کلیلی فێربوونە ،بەڵام دەمێنێتەوەهەوڵی قوتابی ئایا تاچەند دەیەوێ فێربێت ؟ئایا بۆفێربوون هاتووە ؟ئایا پاش تەواو کردنی کۆلێژ چەند فێربووە؟ کەمن پێمووایە لەئێستادا قوتابی زۆر ئیهمالن نایانەوێت ماندوبن، وەپاشان ئەوەی لەزانکۆ دەخوێندرێت سالانە وانەکان نوێناکرێنەوە،چونکە بمانەوێت یانا ئێستا زانیارییەکان بەردەوام لەنوێ بوونەوەن ،کەواتەبۆئەوەی تاکی سودبەخش بۆ کۆمەڵگە دروست بکەین دەبێت گۆڕانکاری ڕیشەی تاکە کە ئایا دەیەوێت لەپڕۆگرامی خوێندن وەپاشان ئێمەی قوتابیانیش خۆمان ماندووبکەین تا ببینەکەسێکی لێهاتوو بۆ کۆمەڵگە.

زانکۆ دەتوانێت تاکێکی بەسوود بۆکۆمەڵگا فەراهەم بکات

ئامینە ئازاد قوتابیەکی تری زانکۆ بوو لە بارەی پێگەیاندنی قوتابی لە زانکۆ بۆ ڕۆژنامەی خەبات وتی: من وەک قوتابیەکی زانکۆ پێم وایە یاخود دەتوانم بڵێم زانکۆ خۆی لەڕاستی داجێگای پێگەیاندنی قوتابیانە.بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی وبەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاک و کۆمەڵگادا .زانکۆ پابەندی چەندین پێوەری زانستی و پەروەردەیی ئاست بەرزەوە.هەمیشەلەهەوڵی پەرەپێدانی پڕۆسەی پەروەردەی وتوێژینەوەی زانستیدایە بەجۆرێک کە لەخزمەتی کۆمەڵگادابێت. بەڵام بەداخەوە بەشێکی زۆری قوتابیان لەهەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنەکەیدا نیە.بەڵام ئێمە نابێ تەنها باسی ئەوقوتابیانە بکەین . بێگومان هەندێک قوتابی بەڕاستی شایەنی باسە کە هەوڵ وتێکۆشانێکی زۆر دەدەن بۆئەوەی بروانامەی بەرزبەدەست بهێنێت .زانکۆ بەبڕوای من دەتوانێت تاکێکی بەسود بۆکۆمەڵگا فەراهەم بکات، وە ئەمەیان دەگەڕێتەوە سەر بیرکردنەوەی لەوبوارەی شارەزایە یاخود پسپۆڕە پەرەی پێبدات وزانست وزانیاری زیاتر بەدەست بهێنێت یاخود نا سوودێک یاخود خزمەتێک بەکۆمەڵگا بکات ، زانکۆ هەموو لایەنێک دەداتە بەردەست تاک ، بەڵام بەشێوەیەک لەشێوەکانی بیرکردنەوە گۆڕانکاری بەسەر دا دێت بریارەدەن کە بەسود بن یاخود نا .

تاکەکان زانکۆیان گۆڕیووە

پیرباڵ یاسین ـ قوتابی زانکۆ لە بەشی ڕاگەیاندن ئەو وەک قوتابیەک بۆچوونی جیاوازی هەیەو بۆ ڕۆژنامەی خەبات دەڵێت :زانکۆ ناوەندێکی ئەکادیمی و ڕۆشنبیریە و قوتابی دوایی قۆناغی ئامادەیی کۆتا ڕێگەی کاروانی خوێندنی گشتی چوار ساڵی زانکۆیە لەزانکۆدا قوتابی چەند دەروازەیەکی بۆ دێتە بەردەم وەک ئایا دەیەوێت تاکە کەسێکی بەتوانا و یاخود پابەندی یاسا و هەژری خۆی بەکاربهێنێت تا سوودێک ببەخشێتە کۆمەڵگا و ژیانی خۆی دابین بکات و گرنگترینیان دروستکردنی مامۆستایانی داهاتووی زانکۆیە لەزانکۆدا قوتابی بێجگە لە وانەی بابەتەکان هەندێک وانەیی نەتەوەیی و فکری و ڕۆشنبیری پێدەدرێ بۆ دروستکردنی تاکێکی نموونەیی و ڕوناکبیر و جیا لە تاکی ئاست نزمی کۆمەڵگا (نەخوێندەوار) و تاکێک جیاواز لە بیرکردنەوە و هەست کردنیان بە بوونی خۆیان و سەرکردایەتی گشت دەسەلاتەکانی کۆمەڵگا ، دەکرێ بڵێین قوتابی دەتوانێ لەزانکۆ ببێتە تاکێکی نموونەیی ، چونکە لە زانکۆ تەنها بەڕچاو ڕوونی دەکرێت و کۆمەڵێک ڕێنمایی و یاسای بۆ دادەنرێت تا جێبەجێی بکات و نموونەیی دەرچێت بۆ کۆمەڵگا ،بەڵام ئاخۆ قوتابی دەیەوێت وابێت

وەرگێڕانی : لە ئینگلیزیەوە:
د. علی عباس محمود

چۆن منداڵەکەت بڕوای بە خۆی بێت؟

زانایانی پەروەردە و دەروونزانی دەڵێن کە پێویستە دایک و باوکان ئەم هەنگاوانە بهاوێژن تاکو بتوانن منداڵێکی بڕوا بەخۆبوو پەروەردە بکەن



1- لە کاتی یاریکردن هەمیشە دەستخۆشی لێ بکە و ستایشی بکە، گرنگ نیە یاریەکە ببات‌ەوە یان بیدۆڕێنێت.

2- هانی بدە کە چۆن بتوانێ لێهاتوو کارامە بێت، ئەمەش بە مومارەسە دەکرێت.

3- بواریان پێ بدە تاکو خۆیان بیر لە چارەسەری کێشەکان بکەنەوە .

4- لێیان گەڕێن با وەک تەمەنی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن.

5- هانی زانستخوازی بدە.

6- فێری ئەرکی قورس و نوێیان بکە.

7- منداڵەکەت لە سروشت و ژینگەی خۆی جیامەکەوە، فەرق و جیاوازی پێ مەکە لەگەڵ منداڵانی تر.

8 - هەرگیز ڕەخنە لە هەوڵ و کردارەکانی منداڵەکەت مەگرە.

9- هەڵەکردن وەک دەرفەتێک سەیر بکە بۆ فێربوون.

10- بە جیهانی دەرەوەیان ئاشنا بکە و دەرگای نوێیان بۆ بکەوە.

11- فێری ئەو شتەیان بکە کە خۆت باش لێی دەزانی.

12- ئەگەر نیگەران بووی بۆیان پێیان مەڵێ.

13- لە کاتی گرفت و کاتە سەختەکان ستایشیان بکە.

14- بە گوێرەی پێویست پاڵپشت و هاوکارین بکە، زیاتر نا.

15- هانیان بدە بۆ ئەنجامدانی کار و ئەرکی نوێ و جیاواز.

16- هاوبەشی خۆشی سەرکەوتنەکان و دەسکەوتەکانیان بە.

17- هاوسەنگی بپارێزە: توند و فەرمانڕەوا بە، بەڵام زۆر نا.

نووسینی: جاکلین سمیپ

زانکۆی سەلاحەدین دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی ماتماتیک ساز دەکات



لە سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین لە ڕۆژانی (٣-٢/٥/ ٢٠١٩) بۆ ماوەی سێ ڕۆژ کۆلێژی زانست لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی ماتماتیک ساز دەکات بە بەشداری(٢٦٣)کەسایەتی ئەکادیمی بە توێژینەوەو بێ توێژینەوە لە ناوەوەی کوردستان و دەرەوەی کوردستان لە زانکۆ عێراقی و ئێرانی و هیندی و فەڕەنسی و ئۆکرانی و ئیتاڵی و ئوردنییەکان، کە(١٢) قسەکەری سەرەکی لە خۆ دەگرێت و (٢٥) توێژینەوە لەلایەن لێژنەیەکی زانستی (١٢) کەسییەوە پەسند دەکرێت و لە گۆڤاری زانستی (زانکۆ) لە زانکۆی سەلاحەدین و (AIP) پەیمانگەی ئەمەریکی بۆ فیزیا بڵاو دەکرێنەوە. لەم کۆنفرانسەدا گەنگەشە لەسەر هەموو زانستە بیرکارییەکان دەکرێت بەتایبەت (ئاماری پراکتیکی، ئاماری بیرکاری، فیزیای بیرکاری، فیزیای کرداری و زانستی کۆمپیوتەر). ئەو کۆنفرانسە بە سپۆنسەری سەرەکی زانکۆی سەلاحەدین و مەڵبەندی نێودەوڵەتی بیرکاری بۆ بیرکاری پراکتیکی (CIMPA) بەڕێوە دەچێت.

شیاوی باسە ئەو کۆنفرانسە ١٠ ساڵ جارێک ئەنجام دەدرێت و بە گەورەترین ڕووداوی زانستی لە هەرێمی کوردستان و عێراق دادەنرێت و لە ڕووی زانستی بیرکارییەوە وەرچەرخانێکی گرینگی زانستی دەبێت بۆ پێگەی زانستی زانکۆی سەلاحەدین لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی.

پێنج جار بووەتە پاڵەوانی عێراق و دووەمی عەرەب

دانا جەمال: شانازی بەوە دەکەم کە پێنج جار نازناوی پاڵەوانی عێراقم بەدەست هێناوە



دیمانە: هاوار مورتکەیی





دانا جەمالی تەمەن 26ساڵ کاتێک تەمەنی دەبێتە شەش ساڵان فێری یاری شەترەنج دەبێت، کە ئەوکات خانەوادەکەی تەوا پشتیوانی دەکەن و لەتەمەنی 7 ساڵانیش بۆ یەکەمینجار بەشداری پاڵەوانێتییەکی یانەی خانزاد دەکات لە ساڵی 2000، هێندەی نەبرد دوای 4ساڵ بۆ یەکەمین جار بەشداری پاڵەوانێتی عێراق دەکات و پلەی یەکەم بەدەست دەهێنێت، دوای ئەمەش چەندین دەسکەوت و بەشداری گرنگی دەبێت، ئەو یاریزانە لە دیمانەیەکی لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات باس لە دەسکەوت و تێڕوانینی بۆ یاری شەترەنج دەکات.

شەترەنج خانەکانی مێشک چالاک دەکات

لە دەستپێکدا دانا جەمال لەبارەی خۆشەویستی بۆ یاری شەترەنج گوتی: شەترەنج خۆشترین یارییە بەلای منەوە، چونکە یارییەکی قکری هزریە، خانەکانی مێشک چالاک دەکات و فێری ئارام گرتن و دروستکردنی پلان لە بەرێوەبردنی کاروباری رۆژانەت دەکات، هەروەها یارمەتی مێشک دەدات لە چالاکی و دوورکەوتنەوە لە تەمبەلی مێشک، لە سەرەوی ئەمانەش کەسایەتیت بەهێز دەکات و دەتکاتە کەسێکی سەرکردەو خاوەن بڕیار، بۆیە داوا لە سەرکردەکان دەکەم یەکێک لە راوێژکارەکانیان یاریزانێکی شەترەنج بێت، بۆ بەرێوەبردنی وڵات .

پاڵەوانی عێراق و عەرەب

دواتر ئەو یاریزانە لەبارەی دەسکەوتەکانی لە ئاستی عێراق و نێودەوڵەتی ئاماژەی بە گرنگترینیان دەدات و دەڵێت: خۆشبەختانە دەستکەوتی گرینگم بەدەست هێناوە، لەیاریيە تاکەکان توانیومە بۆ پینج جار ببمە پاڵەوانی عێراق وە چەندین مەداڵیەو دەستکەوتی ترم بەدەستهێناوە ، وە لە یاریيەکانی تێپیش چەندین جار توانیومانە ببین بە یەکەمی عێراق لە ئاستی یانە و پارێزگاکان، وە لە پاڵەوانیەتی (شارەکانی عەرەب) کە لەوڵاتی تونس بەرێوەچوو، توانیمان پلەی دووەم (مکرر) لەسەر ئاستی عەرەب بەدەست بهێنین.

لەگەڵ خانزاد تەواوکەری یەکترین

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە وەک شەترەنجزانێک چۆن دەڕوانیتە پەیوەندی نێوانتان لەگەڵ یانەی شەترەنجی خانزاد گوتی: دەتوانم بڵێم من و یانەی خانزاد تەواو کەری یەکترین، سالانێکی زۆرە خزمەت بەیەکتری دەکەین، یانەی خانزاد یانەیەی دایکە، دەتوانم بڵێم هەموو یاریزانەکانی کوردستانی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە، بەوهەمووە چالاکیانەی کەدەیکاتەوە، دەستخۆشی لە دەستەی بەرێوەبردن و هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە لە رووی مادەی و مەعنەوی و تەنانەت ئەوانەی بەپێشنیاریش بەشداربوونە و هەروەها لە دانانی بەرنامەیەک بۆ یانەکە و لە هەوڵی بەرەو پێش بردنیدانە ، لێرەوە بەپێویستی دەزانم و هیوا دەخوازم کە یەکێتی شەترەنجی کوردستان بە گشتی و یەکێتی شەترەنجی هەولێر بەتایبەتی یارمەتیدەری یاریزانەکان بن لە کردنەوەی پاڵەوانیتی و چالاکی و ناردنی یاریزانەکان بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە لە پێناو زیاتر شارەزایی وەرگرتن.

بەم نزیکانە دەگەڕێمەوە

دانا جەمال وەک هەر یاریزانێکی دیکەی شەترەنج خەونی خۆی هەیە ، لەمبارەیەوە دەڵێت: هەموو کەسێک خەونی گەورەی هەیە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر، خۆشبەختانە منیش زۆربەیانم بەدیهێناوە سوپاس بۆ خوا، بەڵام بەداخەوە ئەو بارودۆخە ناخۆشەی کە بەرۆکی کوردستانی گرت وە نەبوونی پاڵپشتییەک و سپۆنسەرێکی باش و ئەو رێگریانەی کە دەهاتنە پێشم نەمتوانیوە بەتەواوی تا ئیستا هەموو خەونەکانم بێنمەدی، ئێستاش هەست دەکەم وەک جاران بەردەوام نیمە لە پاڵەوانیتییەکان و لەمبارەیەوە گلەیی زۆرم لیدەکرێت، بەڵام لەماوەیەکی نزیک دەگەڕێمەوە نێو پاڵەوانێتییەکان.

حزمەتی نەوەکان دەکەم

لەکۆتاییدا دانا جەمال پاڵەوانی عێراق لەبارەی ئەرکی راهێنەرایەتی کە ماوەیەکە ئەو ئەرکەی لە یانەی شەترەنجی خانزاد پێ سپێردراوە گوتی: ئێمە بە هاوکاری یانەی خانزاد لە هەوڵی دروستکردنی نەوەیەکی شەترەنجین، کە پێویستە بەشیوەیەکی ئەکادیمی و بەهێز فێری بن، منیش بەهەموو توانایەک لە هەوڵی ئەوەدام کە جێگا پەنجەم دیاربێت لەو خزمەتە پیرۆزە ، لێرەوە بەپێویستیشی دەزانم ئەو پەیامەم بگەیەنم کە خۆم بە قەرزاری هەموو ئەوانە دەزانم کە بۆ جارێکیش بووبێت پاڵپشتی و ئامۆژگاریان کردووم، لەسەرووی هەمووشیانەوە دوو براکەم کە زۆر لەگەڵم ماندوون و هەمیشە پشتیوانم بووینە.

دەتوانم بڵێم لەگەڵ یانەی خانزاد تەواوکەری یەکترین

بۆ یەکەمجار قەتەر نازناوی جامی ئاسیای 2019 بەدەستهێنا

بۆ یەکەمجار لە مێژوویدا، هەڵبژاردەی قەتەر توانی نازناوی جامی ئاسیای 2019بۆ تۆپی پێ بەدەست بهێنێت، دوای ئەوەی رۆژی هەینی لە یاری کۆتاییدا توانی لە هەڵبژاردەی ژاپۆن بە ئەنجامی 3-1بەدەست بهێنێت، کە یاریيەکەش لەسەر یاریگای شاری زاید لە ئیمارات بەرێوەچوو.

ئەمەی خوارەوەش چەند زانیاریيەکە لەسەر:

قەتەر چوارەم هەڵبژاردەی عەرەبییە

دوای سعودیە و کویت و عێراق ئەم نازناوە بەدەست دەهێنێت

یەکەم دۆرانی کۆتایی هەڵبژاردەی ژاپۆنە دوای بەدەستهێنانی 4 نازناو

موعیز بە گۆلکاری خولەکە هەڵبژێردرا بە تۆمارکردنی 9گۆڵ



لەیاریيەکانی خولی نایابی کوردستاندا:

بەبردنەوەی لە نەورۆز، پێشمەرگەی هەولێر پێشەنگی قایمترکرد



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

لەیاریيەکانی قوناخی دووەمی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان لەرۆژانی پێنجشەممە وهەینی چەندین یاری لەشارو شاروچکەکانی کوردستان هاتەئەنجامدان، لەیەکەمین یاری و لەدەستپێکی قۆناخی دووەمی خولەکە لەیاری دێربی دا یانەی هەولێر لەنێو یاریگای فەرەنسۆ هەریری پێشوازی لەیانەی هەندرێن کرد، یانەی هەولێر پشت بەست بەهاندەران و یاریگا بەپلانی بردنەوە هاتبووە نێو یاریگا ، لەبەرانبەردا یانەی هەندرێنیش لەیاری ڕابردوو بەرانبەر شێروانە تووشی یەکسانبوون هات، بۆیە هەولێر بۆ دریژەدان بەبردنەوەو هەندرێنیش بۆ قەرەبووی کردنەوەی یاری ڕابردوو بەرامبەر یەک دەجەنگن، لەگێمی یەکەم تیپی میوان بەچەند هێرشی تیپی خاوەن یاریگای خستبووە مەترسی، بەڵام هێرشەکانیان بێ ئامانج بوون، لەبەرانبەردا یانەی هەولێر دەستی بەهێرشکردن کرد و لەرێگەی یاریزان ئەحمەد حەسەن یاریزانی هەولێر گوڵی یەکەم تۆمار کرا، دوای ئەم گۆڵە عامر فازیل گۆڵی یەکسانبوونی لەیانەی هەولێر تۆمار کرد و ئەنجامی یاریيەکەی بۆ تیپەکەی خۆی هاوسەنگ کردەوە، گێمی یەکەم بەیەکسانبوونی هەردوولا بەتاکە گۆڵێک بۆ هەردوولابەکۆتایی هات .

لەگێمی دووەمدا یاریزانانی هەندرێن باڵا دەست بوو لەیاریيەکەدا، بەتایبەت لەرووی کۆنترۆلکردنی تۆپ لەناوەڕاستی یاریگا دەرفەتی تیپی هەولێریان نەدەدا بەئارەزووی خۆیان یاری بەتۆپ بکەن ،بەڵام یاریزانانی هەندرێن بەهۆی پەلەکردنیان نەیاندەتوانی ئامانجەکانی خۆیان بەشێوەیەکی رێکو پێک بپێکن، لەبەرانبەردا یانەی هەولێر لەهێرشێکی مەترسیدا بۆ سەر گۆڵی تیپی میوان، یاریزان هیدایەت لەتیف شوتێکی یەکجار بەهێز لەدووری هێلی سزا ئاراستەی ناو گۆڵی هەندرێن کرد و توانی گۆڵی دووەم و سەرکەوتن بۆ تیپەکەی خۆی تۆمار بکات،بەمشێوەیە یاریيەکە بەسەرکەوتنی یانەی هەولێر بەسەر یانەی هەندرێن بەئەنجامی 2-1گۆڵ بەکۆتایی هات ویانەی هەولێر لەسەر دەستی یانەی هەندرێن 3خاڵی گرینگی دەستەبەر کرد و کۆی خاڵەکانی یانەی هەولێر بوو بە19 خاڵ.

لەیاریيەکی دیکەدا هەردوو یانەی دهۆک و دهربەندیخان لەشاری دهۆک بەیەکگەیشتن، هەردوو یانەی لەگێمی یەکەمدا چەندین هێرشی مەترسیداریان دەهێنایە سەر گۆڵی یەکتر بەڵام بێ سوودبوون، بەتایبەتی یاریزانانی دهۆک هێرشەکانیان زیاتر دەبیندران بەهۆی سوود وەرگرتن لەهاندەران و یاریگای خۆی، گێمی یەکەم هەردوو یانە بەبێ گۆڵ یەکسانبوون.

رۆژی هەینی لەیاریگای پێشمەرگەی هەولێر ، پێشمەرگەی هەولێر پێشوازی لەنەورۆز کرد، یاریيەکە لەبەرژەوەندی تیپی خاوەن یاریگا بەئەنجامی 4-1 گۆڵ بەکۆتایی هات و پێشمەرگەی هەولێر لەسەر دەستی یانەی نەورۆز بەکۆکردنەوەی 29خاڵ پێشەنگی یانەکان گرتووە، گۆڵەکانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر لەلایەن یاریزانان گۆران عیماد،محەمەد سامی،عومەر سەدام، گۆڵی دووەمی پێشمەرگەی هەولێر بەهەڵەی یاریزانانی هێلی بەرگری یانەی نەورۆز گۆڵیان لەخۆیان تۆمار کرد، گۆڵەکەی نەورۆزیش لەلایەن یاریزان دیار عەلی .

ئەنجامی یاریيەکانی دیکە بەمشێوە بوو:

برایەتی 1- پێشمەرگەی سلێمانی 0

ئاکرێ 0- زێرەڤانی 0

ئارارات 2- زاخۆ 0

دهۆک 0- دهربەندیخان 0

ئەم هەفتەیە قۆناغی دووەمی خولی نایابی کوردستان سەرکەوتووانە بەکۆتایی هات و رێزبەندی خولەکەیش لەپلەی یەکەم تاپلەی پێنجەم بەمشێوەیە دەبێت:

1- پێشمەرگەی هەولێر 29خاڵ

2- ئارارات 24خاڵ

3- دهۆک 23خاڵ

4- نەورۆز 21خاڵ

5- شێروانە 19خاڵ.

بەر لەیاریيەکی ئەمشەویان بەرامبەر مان سیتی، ئارسنالّ هەوالێکی خۆشی پێگەیشت



یانەی ئارسنالّی ئینگلیزی بەر لەیاریی لوتکەی ئەم گەڕەی خولی پریمیەرلیگ کە ئەمشەویان لەسەر یاریگای (ئیتحاد) ئەنجامی دەدەن، لەچوارچێوەی گەڕی 25ی خولی پەریمەرلیگ هەوالێکی خۆشی پێگەیشت. ئەویش گەڕانەوەی بەرگریکار لۆرینتی کۆسیلینی بوو بۆ مەشقە بەکۆمەڵەکان، دوای ئەوەی پشکنینی تیشکی دەریخست کە تووشی هیچ شکستێک لەپەنجەی نەبۆتەوە. کۆسیلینی لەیاری رابردوویان بەرامبەر یانەی مان یونایتد خۆی بەهێرشبەر رۆمێلۆ لۆکاکۆ کێشا، کە تیایدا لەمیانی جامی یەکێتی ئینگلیزی لەهەفتەی رابردوو تووشی شکست هاتنەوە، هەروەها بەرگریکاری فەرەنسی لە سێ شەمەی رابردوو بەرامبەر کاردیف ستی یاری نەکرد، کە بە 2-1گۆڵ سەرکەوتنیان تۆمارکرد. هەروەها پشکنینی تیشکی دەری خست کە پێکانەکەی تەنها هەوکردنێکی سادە بوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئۆنای ئیمری دەتوانێت سود لەخزمەتەکانی کۆسیلینی وەرگرێت لەڕێز ئەو کێشەیە گەورەی لەریزی هێڵی بەرگری هەیە بەهۆی پێکانەکان. کە سوکراتیس باباستاسۆپۆلیۆس چووە ناو ئەو لیستە دوای ئەوەی لەیاری یونایتد تووشی ئازاری گۆزینگی هاتەوە، هەروەها هەریەک لە رۆپ هۆڵدینگ و هیکتۆر بیلیرین تووشی پچڕانی ماسولکەی دووسەرە بۆتەوە. هەروەها رەوشی یاریزان ئینزلی میتلاند نیلز بەر لەگەشتی ئەمشەویان بەرامبەر سیتی هەڵدەسەنگێنن.

چاوخشانێک بەدوای رۆژی گواستنەوەکانی زستانە



لە ئێوارەی پێنج شەمەی رابردوو دەرگای گواستنەوەکانی زستانە داخران، جارێکی دیکە یانەکان دەگەڕنەوە سەر گرنگیدان بەو ماوەی ماوە لەم وەرزە. گواستنەوکانی زستانە هەروەکو ئاسایی جاران بەهێمنی بەڕێوەچوو، هیچ بۆندێکی گەورەی تێدا ئەنجام نەدراون و چاوەڕێی گواستنەوەکانی هاوینەی داهاتوو دەکرێت کە گەرمی و گوڕییەکی زۆری تێبکەوێت. لەدوایین رۆژی گواستنەوەکانی زستانەدا، هەندێک بۆندی نایاب ئەنجامدران، لەم ڕاپۆرتەدا چاوێک بەدوایین ئاماری گواستنەوەی زستانەی یاریزانان دەخشێنین لەدواین رۆژیدا.

* ئینگلتەرا:

- دینیس سواریز بەخواستن یانەی بەرشلۆنەی بەرەو ئارسنالّی ئینگلیزی جێهێشت

- وۆلڤەرهامپتۆن بۆندێکی کۆتایی لەگەڵ جۆنی یاریزانی ئەتلەتیکۆ مەدرید واژۆکرد

- بێرلنلی بۆندی یاریزانی خاوەن ئەزمون پێتەر کراوچ تا کۆتایی وەرز واژۆکرد

لیستەر سیتی بۆندی یاریزانی لاو یۆری تیلیمانس بەخواستن لەمۆناکۆ تا کۆتایی وەرز واژۆکرد

- کریستال پالاس کۆتای بە بۆندی بە خواستنی یاریزانی بەڵژیکی میچی پاچوای هێنا.

* ئیسپانیا:

- بەرشلۆنە توانی بۆندی یاریزانی لاوی یانەی ئەتلەتیکۆ مینیرۆ واژۆ بکات، کە لەهاوینی داهاتوو پەیوەندی بەیانەی کاتەلۆنی دەکات

-بەرشلۆنە بۆندی یاریزانی لاوی یانەی تۆلۆزی فەرەنسی جین کلێر تۆدیبۆی تا ساڵی 2023ی واژۆکرد

* فەرەنسا:

- مۆناکۆ سەرکەوتوو بوو لەگواستنەوەی یاریزانی پورتوگالی ئەدریان سێلڤا بەبۆندێکی خواستن تا کۆتایی وەرز لەیانەی لیستەر سیتی.

- هەروەها مۆناکۆ لەدواین کاتژمێرەکانی گواستنەوەی زستانەدا یاریزانی لاو کیڤن کۆدۆی بەخواستن لەیانەی تۆتنهام گواستەوە ریزەکانی.

* ئەڵمانیا:

- بۆرۆسیا دۆرتمۆند یاریزانی ژاپۆنی شینگی کاگاوای بەخواستن تا کۆتایی وەرز دایە یانەی بەشکتاشی تورکی.

- هەروەها دۆرتمۆند یاریزانی تیپەکەی گیریمی تۆلگانی تا کۆتایی وەرز دایە یانەی سێلتێکی ئوسکوتلەندی.

* سەبارەت بە ئیتاڵیاش لەدواین رۆژەکاندا هیچ جموجۆڵێک لەیانەکانی کالیچیۆ نەبوو.

نەبەز ڕوستایی

ناسنامەی ناوبژیوانی یاری کلاسیکۆی جامی شای ئیسپانیا ئاشکرا کرا



یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا لە ئێوارەی هەینی رابردوو ناوی ئەو ناوبژیوانەی ڕاگەیاند کە یاری کلاسیکۆی جامی شای ئیسپانیا لە قۆناغی چوون بەرێوە دەبات ئاشکرا کرد. لە بلاوکراوەکەدا هاتووە کە ناوبژیوان ماتیۆ لاهۆز دادوەری یاری کلاسیکۆ دەکات کە لەسەر یاریگای کامپ نو بەرێوە دەچێت. دوای ئەوەی لەتیروپشکی قۆناغی پێش کۆتایی جامی شا هەردووی یانەی بەرشلۆنەو ریال مەدرید بەریەک کەوتن. کە یاریگای بینیتۆ ڤیامارین لە ئیشبیلیە بۆ یەکەمین جار لەمێژوویی میواندارای یاری کۆتایی دەکات. یاری چوون لە چوار شەمەی داهاتوو لەسەر یاریگای کامپ نو لەکاتژمێر 11ی شەو بەکاتی هەولێر بەرێوە دەچێت، کە یاری گەڕانەوەش لەسەر یاریگای سانتیاگۆ برنابیۆ دەبێت لە 27ی شوبات. یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا رایگەیاند کە یاری کۆتاییش لە 24ی ئایاری داهاتوو بەرێوەدەچێت، کە تیایدا براوەی یاری هەردوو یاری نێوان ریال مەدرید و بەرشلۆنە، ریال بیتیس و ڤالێنسیا بەرێوەدەچێت.

دۆرتمۆند ژمارەی پێوانەیی لەخولی ئەڵمانیا تۆمار دەکات

لەم وەرزەدا یانەی بۆرۆسیا دۆرتمۆند چەندین ژمارەی پێوانەیی لەخولی ئەڵمانیا تۆمارکردووە. دوای چەندین ساڵی بێ هیوایی کە نەیتوانی تیایدا بچێتە سەر سەکۆی سەرکەوتنی ئەم خولە. کە دواین نازناویان لەخولی ئەڵمانیا لە وەرزی 2012-2011بووە، کاتێک بە 81خاڵ و بەجیاوازی 8خاڵ لەگەڵ یانەی بایرن میونخ خاوەن پلەی دووەم بە 73خاڵ نازناوەکەی مسۆگەرکرد. لەم وەرزەدا یانەی دۆرتمۆند لە 15یاریی بۆندسلیگا سەرکەوتنی تۆمارکردووە، بەرامبەر بە 3یەکسان بوون و یەک شکست، کە هەمان ئەنجامی ئەو سەرکەوتنانەیە کە تا کۆتایی وەرزی رابردووی 2017-2018 تۆمارکریکردبوو. هەروەها یانە رەشەکانی ڤاستیقال 48خاڵیان لەم وەرزەی بۆندسلیگا کۆکردۆتەوە، کە باشترین زنجیرەیە خاڵە لەدوای تێپەڕبوونی 9گەڕی خولی ئەڵمانیا. هەموو یانەکان کە 48خاڵیان کۆکردۆتەوە، لەدوای 21گەڕ لەدەستپێکی خولی ئەڵمانیا بووە، کە لەکۆتاییدا جامەکەیان بەدەستهێناوە، دواینیان یانەی بایرن میونخ بوو لەوەرزی 2015-2016.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Sun, 3. Feb. 2019 No: (5685)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

پایتەخت چریکەی موکریانی لەئامێز گرت و چەپکە گوڵی ڕێزی پێشکەش بە عەزیز شارۆخ کرد



بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری: کە ئەمڕۆ ئێوارە دڵ و ڕۆح و ئامێزی "شارۆخ" مان گوڵباران کرد، ویستمان بڵێین: ئێتر دەبێ بە وەفاوە ئاوڕ لە دڵسۆزەکانی دوێنێ بدەینەوە!



ڕاپۆرت:بەرهەم شێخ عزەدین

لەهۆڵی ڕۆشنبیری لە هەولێر، بە ئامادەبوونی بەڕێزان بەرپرسانی باڵای حکوومی و حزبی و پەرلەمانتاران و هونەرمەندان و هەواداراني دەنگی عەزیز شارۆخ، لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری - بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر، کۆنسێرتێکی گۆرانی و موزیک بۆ هونەرمەند عەزیز شارۆخ و هاوڕێ موزیکژەنەکانی ساز کرا و ڕێز لە هونەرمەندی گەورەی موکریان مامۆستا (عەزیز شاروخی) گیرا ..بۆئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە بە سوپاسەوە بەڕێز سەردار قادر بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر هاوکارمان بوو .

دەستپێک

لە دەستپێکدا وتاری نوێنەری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن بەڕێز (زیرەک کەمال) پێشکەش کرا و تیایدا وێڕای دەستخۆشی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر بۆ ئەم چالاکییە، باسی لە ئەدای بەرزی هونەریی عەزیز شارۆخ کرد و هیوای تەمەنێکی درێژی ئاسوودەیی و پڕ بەخشندەیی بۆ کرد. ئینجا (فەرهەنگ غەفوور) بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر و ڕێکاری وەزارەتی ڕۆشنبیریدا، ئەم چالاکی و ڕێزلێنانەشی وەک وەفایەک بۆ ئەو هونەرمەندە ڕەسەنە دیارکرد، کە خزمەتێکی زۆری بە هونەر و فۆلکلۆر و ڕەسەنایەتی کورد کردووە. دواتر هەریەکە لە بەڕێزان (تاهیر عەبدوڵلا) جێگری پارێزگاری هەولێر وتاری پارێزگاری هەولێر و ئینجا (هیوا سوعاد) وتاری لقی هەولێری سەندیکای هونەرمەندانی خوێندەوە و ڕۆڵ و ئەدای هونەریی مامۆستا عەزیز شارۆخییان بەرز نرخاند.

گۆرانی و بیرەوەری

دوای خوێندنەوەی وتارەکان، لە کۆنسێرتێکی گۆرانی و موزیکدا، عەزیز شارۆخ بە هاوکاریی هاوڕێیانی موزیکژەن دوو گۆرانی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. لە بڕگەیەکی چالاکییەکەدا، بەڕێز (ئیسماعیل بەرزنجی) بیرەوەرییەکی خۆی لەگەڵ شارۆخ گێڕایەوە.

دەبێ بە وەفاوە ئاوڕ لە دڵسۆزەکانی دوێنێ بدەینەوە

دکتۆر سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان یەکێک لەکار ئەکتەرە چالاک و هەڵسوڕاوە کانی حکومەتی هەرێمە لەوەزارەتی ڕۆشنبیری کە لەهەرکۆێ بۆنی هونەر بێت ئەو لەوێیە و ئامادەیە بۆستایش کردنی کەسانی دڵسۆز بەهونەر لەمەراسیمی ڕێزلێنان لە شارۆخی ئامادەبوو دوای مەراسیمەکە لەوالی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نووسیویەتی:

لەبەرچی عەزیز شارۆخ ؟..

- عەزیز شارۆخ ، دەنگێکی کوردیی ڕەسەن، دەنگێک بۆ کورد ژیا و بۆ کورد گۆرانی چڕی !.. - لە هەولێری ڕەسەنەوە ڕێز لەو دەنگە ڕەسەنە نرا و پەیامگەلی نێو ئەو ڕێزلێنانەیش ئەوەیە : پێویستە وەک کورد گۆرانی بڵێین و وەک کورد گوێ لە گۆرانی ڕادیۆرین !.. - کە ئەمڕۆ ئێوارە دڵ و ڕۆح و ئامێزی شارۆخ - مان گوڵباران کرد، ویستمان بڵێین: ئێتر دەبێ بە وەفاوە ئاوڕ لە دڵسۆزەکانی دوێنێ بدەینەوە !..

- کە هەولێر مەهاباد لە باوەش دەکات، گەرەکمانە بێژین: ئێمە هەموومان یەکین، بۆیە دەبێ لە دەور ڕوونا کی خۆشەویستیدا کۆببینەوە !..

ئەرکی ئێمەیە

لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنی خەبات لەگەڵ بریکاری وەزیری ڕۆشنبیری دەربارەی ئەو ڕێزلێنانەی کەلە هەولێر بۆ عەزیز شارۆخ سازیان دابوو گوتی:ئەوە ئەرکی ئێمەیە هەرکەس خزمەتی هونەری کوردی بکات ئێمەڕێزی لێبگرین، پشتیوانی بکەین،وەدەمەوێیت ئەوەش بڵێم سنوور نەماوە ئێمە ڕێز لەهەرهونەرمەندێک دەگرین کە خزمەت بەهونەر دەکات لەهەرپارچەیەکی کوردستان بێت چونکە کوردستان هەمووی یەکە، هەروەها ئەوەش بەسەرچوو هونەرمەند هەتا وەفات نەکات ئێمە ڕێزی لێ نەگرین، ئێستا ئێمە بەپێچەوانەوە کارەکەین هونەرمەندان تا لەژیانن ڕێزیان لێ دەگرین و دەستی ماندووبان دەگوشین. لەماوەی ڕابردووش ئەم هەنگاوەمان بەپراکتیکی جێبەجێ کردووە. هیوادارین ئەم شێوازی ڕێزگرتنە لەهونەرمەندان دەستەخوشکەکەی مەهاباد مامۆستا فەرهەنگ لەدوومالهیدا دەڵێت: ئەمڕۆ کە هەولێری ئارامی و کوردایەتی، دەستەخوشکەکەی مەهاباد، لە میواندارییە هونەرمەندی گەورە مامۆستا عەزیز شارۆخ و هاوڕێ موزیکژەنەکانی دایە، زۆر هەست بە ئاسوودەیی و شادی دەکا، کە جارێکی دیکەش لە نزیکەوە، ئەم سیما جوان و پاکە و ئەم دەنگە زەلاڵە دەبینێ و دەبیستێ، بۆیە هەولێر، وەک ئەمەکناسی و خۆ بەخاوەن زانین، ئەمڕۆ ڕێز لەعەزیز شارۆخ، ڕێز لە مەهاباد، ڕێز لە موکریان دەگرێ و هەزار جار پیرۆزە و کاروان و ڕێگات هەمیشە پڕ ڕێبواری پاک بێ، ئەی شارۆخی، چڕیکە و دەنگە ڕەسەن و بەسۆزەکەی موکریان.

خەڵات و ڕێز



بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر:

وەک ئەمەکناسی و خۆ بەخاوەن زانین، ئەمڕۆ ڕێز لە شارۆخی، ڕێز لە مەهاباد و ڕێز لە موکریان دەگرێ


بەردەوامێیت لەداهاتووشدا.

شاروخی چریکەی موکریان

فەرهەنگ غەفوور بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر لەوالی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نووسیویەتی: هەر کاتێک ناوی موکریان دەبیستین، دەیان یادەوەریی تاڵ و شیرینمان دێنەوە یاد، یادی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، یادی پێشەوا قازی و شەهیدانی کۆمار، یادی هونەرمەندانی ڕەسەن و دەنگ زەلاڵ، یادی کەڵە شاعیران و ئەدیبان و زمانزانان و زانایان و عارفان و هونەرمەندان و سەنعەتکارانی دەستەڕەنگین، یادی مەملەکەتێکی ژینگەپاک و سروشت جوان و ڕازاوە، یادی ڕێبوارانی ڕێی تێکۆشان و زیندووهێشتنەوەی کولتوور و کەلەپووری کوردەواری و زۆر یاد و یاوەریی دیکە، کە هەر یادیان بەخێر. یەکێک لە یادگارییە جوانەکانی موکریان، مامۆستا (عەزیزی شارۆخ)، کە بە چریکە و دەنگ و ئاوازی ڕەسەن، شادی و ئارامیی پێ بەخشیوین و هۆگر و هەواداری خۆی کردووین. شارۆخ، دەنگێکی تێر و چریکەیەکی بەرز و هاواری گەلێکی زامدارە، لەناو میژووەوە هاتووە و لەناو میژووشدا دەمێنێتەوە.

ڕێز دەگرین لە ئاو و هەوای موکریان

لەبەشێکی دیکەی نووسینەکەی فەرهەنگ غەفور دەبێژێت: بۆیە ئەرکە و پێویستە و لەجێی خۆیەتی، ئەوەی لەتوانادا بێ و بکرێ و بگونجێ، ڕێز لەو کەسایەتییانە بگیرێ، کە



عومەر مەلازادە و شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان




لە دوو تونێی نووسینەوەی میژووی نوێ و هاوچەرخی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان، بەتایبەتیش بەشێکی هەردوو شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و گوڵانی پێشکەوتنخواز، کە نووسەرەکەی یەکێک بووە لە پێشمەرگە و کادیری ئەو ساتەوەختە، گرنگی ئەو کتێبەمان بۆ دەردەکەوێ.

کە عومەر مەلازادە خۆی نووسیویەتی و سالح غەفووری بەرازای کۆی کردوونەتەوە و ئامادەی کردووە و بەدواداچوونی بۆکردووە کەوتۆتە دووتونێی 322 لاپەڕەی قەبارە گەورە و کاک مومتاز حەیدەریش هەڵسەنگاندنێکی کورتی بۆی کردووە و دەیبێتە یەکێک لەبەڵگەنامە باوەڕپێکراوەکانی سەردەمی خۆی و دەکرێ لە زۆر نووسینی میژوویی پشتی پێ ببەستردێ و بکرێ بەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو.

هەولێر بەفیلمیش دژی تیرۆر وەستایەوە

بەرهەم شێخ عزەدین

ڕۆژی هەینی (2019/2/1) لە سینەمای ئیمپایەر فاملی مۆڵ- هۆڵی ڤی ئای پی، لە هەولێر، لە یادی کارەساتی (1ی شوبات)، بە ئامادەبوونی بەڕێزان (ئومێد خۆشناو) سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمان، (د. سالار عوسمان) بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان،(بەردەڤان حەمدی) بریکاری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان،(تاهیر عەبدوڵلا) جێگری پارێزگاری هەولێر، (فەرهەنگ غەفوور) بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر،(هیوا سوعاد) سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسانی حکوومی و حزبی و کەسوکاری شەهیدان و هونەرمەندان و فیلمسازان و بە بەشداریی دەیان گرووپی سینەمایی کوردستانی و عێراقی و بیانی، چوارمین فستیڤاڵی سینەمای دژ بە تیرۆر دەستی بەکارەکانی خۆی کرد و بڕیار وایە سێ ڕۆژ بەردەوام بێ..لە دەسپێکی فستیڤاڵەکە، هەریەکە لە بەڕێزان (بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و بریکاری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان و سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان) وتاریان پێشکەش کرد و تیشکیان خستە سەر ئەو کارساتە گەورەیەی تیرۆریستان لە 1ی شوبات بەسەر هەولێر و کوردستانیاندا هێنا، ئەم فستیڤاڵە کە بە بەشداریی 42 فیلمی کوردستانی و عەرەبی و بیانی بەڕێوە دەچێ، کە 16فیلم کوردستانی و 15فیلمی عێراقی و ئەوانیتریش هی وڵاتە عەرەبییەکانی (سەڵتەنەی عومان و سعودیە و میسر و مەغریب و تونس و فەلەستین) و وڵاتانی ئەڵمانیا و بەریتانیا و ئێرانن. سەرجەم نزیکەی 130 نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەر تیایدا بەشدارن، کە بەشێکیان کوردستانی و ئەوانی دیکە عێراقی و عەرەبی و بیانین..جێی ئاماژەیە ئەم فستیڤاڵە سێ ڕۆژ دەخایەنێت.



کۆی ئەو 42فیلمە پێشبڕکێ لەسەر 14خەڵاتی جۆراوجۆر دەکەن و لە ئێوارەی سێیەم ڕۆژی فستیڤاڵەکەدا ئەنجامەکان ڕادەگەیەنرێن و خەڵاتیان بەسەردا دابەش دەکرێن.

شایانی باسە، کە کارەساتی (1ی شوبات) کارەساتێکی زۆر گەورەی تیرۆریستی بوو، تیرۆریستانی دژ بە کورد و کوردستان لە ڕۆژی (1ی شوباتی (2004و لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانیدا لە هەولێری پایتەخت و لە یەک کاتدا لە هەردوو بارەگای (لقی 2ی پارتی) و (مەڵبەندی 3ی یەکێتی) لە کاتی مەراسیمی پێشوازییان لە میوانانی جەژن، بە دوو تیرۆریستی خۆکوژ ئەنجامدا و سەرەنجام زیاتر لە 100 کەس لە سەرکردە و کادیری باڵا و ئەندام و لایەنگری ئەو دوو حزبە و بەرپرسانی حکوومی و هاوولاتییانی مەدەنی شەهید کرد و چەندانی دیکەیش بریندار بوون. ئەمەش بووە کارەساتێکی زۆر گەورە و دڵتەزێن لە هەولێر و تەواوی کوردستان، هەروەها بووە پەڵەیەکی دیکەی ڕەش بە تەویڵی تیرۆریستان و دوژمنانی کورد و کوردستان.